# بنياتی بابەتی لە (مۆبایلە شیعر)ی کوردییدا

**د. کامـران ابابکـر خـضر خوشــناو**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية /شقلاوة
جامعة صلاح الدين – أربيل

**ملخص البحث باللغة العربية:**

الأدب مرآة، تظهر الجوانب الجميلة والمقبولة في المجتمع، وأحياناً تعرض الجوانب السيئة وتنتقدها بشدة، من أجل تصحيحها والتخلي عنها. فإذا كان (الشعر المتنقل) نتيجة للتقدم التكنولوجي فكيف يكون وماذا يحتوي؟! ولهذا الغرض يجب علينا فحص رسالة النصوص المكتوبة بلغة بسيطة والموجهة من المرسل إلى المتلقي. يعد هذا البحث محاولة لتحليل والكشف عن بنية موضوع الشعر الكردي في الهواتف المحمولة وإظهار الجوانب والموضوعات التي أصبحت أساس هذا الشكل من الشعر وتعبر بشكل مباشر عن الحالة النفسية للأفراد في المجتمع.

**الكلمات المفتاحية:** التكنولوجيا والأدب: قيمة الشعر، الشعر المتنقل، الحب، الهجاء.

## • . پێشەکی:

### • .١. ناونیشانی توێژینەوەکە:
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی [بنیاتی بابەتی لە (مۆبایلە شیعری)ی کوردیدا]یە.

### • .٢. هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:
هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی فۆرمی (مۆبایلە شیعر) لە ئەدەبی کوردیدا.

### • .٣. بایەخی توێژینەوەکە:
گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی زانستییانەی ورد لە بارەی بنیاتی بابەتی ئەم فۆرمە شیعرییە (مۆبایلە شیعر) لە ئەدەبی کوردییدا نەکراوە، چونکە ئەم فۆرمە نوێییە وەك فۆرمێکی سەردەمییانە بایەخی بە هەندێك بابەت داوە و لە ناوەڕۆکیدا بەرجەستەیانی کردوون و هەندێکی دیکەی فەرامۆشکردوون.

### • .٤. ئامانجی توێژینەوەکە:
ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات باسی ناوەڕۆك و بنیاتی بابەتییانەی فۆرمی (مۆبایلە شیعر)ی کوردیی بکات و ئەو بابەتانە دەربخات، کە لە بنیاتنانی ئەم فۆرمە شیعرییەدا بەشدارییانکردووە، بۆ ئەمەش پشت بەو دەقە شیعرییانە دەبەستێت؛ کە لە ژێر ناسنامەی ئەم زاراوانە (مۆبایلە شیعر، شیعری مۆبایل،....) دانراون.

### • .٥. میتۆدی توێژینەوەکە:
لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدەکانی (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) و (ڕەخنەی دەروونی)ی وەرگیراوە.

### • .٦. پرسیاری توێژینەوەکە:
ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:
_ ئایا ئەم فۆرمە شیعرییە پەیامداریی تێدایە؟
_ بنیاتی بایەتی و ناوەڕۆکی ئەم فۆرمە شیعرییە چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

_ بۆچی بایەخی بە هەندێك بابەت و لایەن داوە و هەندێکیانیشی تا ڕادەی فەرمۆشکردن بردوون؟

+ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە، لە دووتوێی توێژینەوەکەدا وەڵامدراونەتەوە.

**◆ .٧. سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ناوەڕۆک و بنیاتی بابەتی لە دەقی (مۆبایلە شیعریی کوردی)ی کرمانجیی ناوەڕاست- باشووری کوردستان.

**◆ .٨. پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە (پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان) پێکهاتووە، بەجۆرێك لە پێشەکییدا هۆکار و سنوور و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، دواتر لە بەشی یەکەمدا باس لە پێگەی ئەدەب و بایەخی و پێناسەی شیعر کراوە، دواتر ڕۆڵی ئەدەب و شیعر لە کۆمەڵگە ڕوونکراوەتەوە، پاشان باس لە پەیوەندیی نێوان تەکنەلۆژیا و ئەدەب کراوە و لەم سۆنگەیش زمانی شیعریی مۆبایلە شیعر خراوەتەبەر باس و شرۆڤەکردن، هەرچی بەشی دووەمیشە تایبەتە بەو بوار و بابەتانەی، کە بوونە هەوێنی بابەتییانەی فۆرمی (مۆبایلە شیعر)ی کوردی و بەڵگەی پێویستی بۆ هێنراوەتەوە، دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو، دواجاریش سەرچاوەکانی سوود لێوەرگیراو لەم توێژینەوەیەدا پیشاندراون.

........................................................................................................................................

## ١. کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر ئەدەب؛ مۆبایلە شیعر وەك بەهەمی تەکنەلۆژیا:

### ١,١. پێگەی ئەدەب و بایەخی شیعر:

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لە ژیانی مرۆڤ دا مێژوویەکی دێرین و دورو درێژی هەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت دەستنیشانی سەرەتایەکی دیاریکراو و دروستی سەرهەڵدانی یەکەمین دەقی ئەدەبی/ شیعریی بکەین، ئەوە کارێکی بێهودە و بێ ئەنجامە، چونکە تا ئێستاش بە ڕوونی و دیاریکراویی نازانرێت، مرۆڤ کەی و لە چ قۆناغێکی مێژوییدا بۆ دەربرینی بیر و هەست و خەیاڵی پەنای بردۆتە بەر ئەدەب/ شیعر، بەڵام دەکرێت ئەوە بگوترێت؛ کە سەرهەڵدانی شیعر لە ژیانی مرۆڤدا پەیوەستە بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤ، لە ساتەوەختی خەملینی زمانی مرۆڤ لە بواری جوانیی و سوودبەخشین و چێژبەخشین، چونکە ئەوکاتەی مرۆڤ هەستیکرد دەتوانێت لە چوارچێوەیەکی جوانتر و کاریگەرتردا بیر و مەبەستەکانی بخاتەڕوو، ئەوە ئەو کاتە دەشێت ئەمە وەك سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەب و شیعر دەستنیشان بکرێت، بۆیە بە بێ دوو دڵی دەتوانرێت ئەو ڕاستییە بخرێتـە بەردەست؛ کە زمان و گەشەکردنی زمان لە ژیانی مرۆڤدا نەك هەر لە ئاستی هونەرییدا، بەڵکو لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا ڕۆڵی گرنگی گێراوە و هۆکاری هەرە کاریگەر و زیندووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و بونیاتنەری سەرجەم شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتییە، چونکە پەیوەندییەکی بە هێز و کارلێکەر لە نێوان زمان و بیردا هەیە، گەشەی زمان هاوکات لەگەڵ خۆیدا گەشەی بیر و پێشکەوتن و گواستنەوەی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی گەشەسەندنو پیشکەوتن هێناوەتە ئاراوە.

لەم سۆنگەوە ناسنامە و پێوەری کەلتووری و شارستانییەتی هەر گەل و نەتەوەیەك زمان و ئەدەبە، ئەدەب ئاوێنەی گەلانە، بۆیە لە ڕێگەی شارەزابوون لە زمان و ئەدەبی گەلانەوە دەکرێت زۆر ڕەهەندی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و مێژوویی و ڕۆشنبیریی هتد، بزانرێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت؛ ئەدەب ناوەڕۆك و شوناسی نەتەوەکانە، بە واتایەکی دیکە؛ مەحاڵە بە بێ شارەزابونو زانیاریی لەبارەی زمان و ئەدەبی گەلان بتوانرێت زۆر ڕاستی سیاسی و مێژوویی و ئابووری و جوگرافیی میللەتان بزانرێت، بەمەش ئەدەب خاڵی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانە، (تاکەکانی کۆمەڵ بەبێ لە بەرچاوگرتنی پیشە و شێوازی ژیان و هەڵکەوتی

جوگرافی و هەلومەرجی تاکە کەسیو پلە و پایەیان، لە ڕێگەی ئەدەبەوە، سنووری مێژوو تێدەپەڕێنن و لە پانتاییەکی بەربڵاوتر لە کات و شوێنێکی دیکە یەکتر دەبیننەوە و لە یەکتر تێدەگەن) (یوسا، 1385: 13)، بۆیە لێرەدا ئەدەب کەرەستە و پێناوی پێکگەیاندن و ئاشناکردنی مێژووی میللەتانە بەیەکتری و هەڵگری مەعریفەی نەتەوەیەکە .

لە لایەکی دیکەوە وەك دەزانرێت؛ ڕەگەزی سەرەکی و گرنگی ئەدەبیش (شیعر)ە، هەربۆیە شیعر بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر و دروستە و دەتوانرێت بۆ خوێندنەوە و ناسینی هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەك سوودی لێوەربگیرێت، چونکە شیعر کەرەسەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی زانست و زانیاریی هەر گەل و میللەتێکە، کە تەواوی ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەو گەل و نەتەوەیەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە،

بەمەش شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤ هەموو زانست و لایەنەکانی دیکەی بۆ خزمەت و پێشخستنی ژیان و ژیار و خۆشگوزەرانی خۆی بەکارهێناوە، لەلایەك کردوونییەتە داردەستێك بۆ گوازارشتکرن لە خۆی و لەلایەکی دیکە جۆرێك ئاراستەکردنی بەرەو باشتر و چاکتر و خۆ گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخ و کۆمەڵگە پێوەدیارە، بەمەش شیعر و ناوەڕۆکی شیعری ئەو کاکڵەی مەبەست و زانیارییەن، کە لە هەر قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراودا، ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی بەرجەستەکاری ڕۆحی میللەتێکن.

بەم جۆرە ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی ئاوێنەی کەلتوورو شارستانییەتی مرۆڤایەتییە و دەتوانرێت هەمو لایەنەکانی شارستانییەت و فەرهەنگ و ژیانی میتافیزیکی و مەتریاڵی نەتەوەکانی تێدا ببینرێتەوە، تەنانەت لەوەش زیاتر دەکات و سنوورەکان تێدەپەڕێت و ئەو هێزە دەبەخشێت بە مرۆڤ، کە لایەن و تایبەتمەندییە جیاواز و ناکۆکەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا بگۆڕێتەوە و زۆرجاریش بیکاتە خاڵی هاوبەش و ئەرێنی.

## ١,٢. پێناسەی شیعر:

هەر لەوەتەی شیعر سەریهەڵداوە، پێناسە و بۆچوونی زۆری لەخۆ کۆکردۆتەوە، هەندێکجار پێناسە و بۆچوونەکان بە ڕادەیەکی زۆر لەیەکتر نزیکن، بە پێچەوانەشەوە لە ڕوانگەی ئەوەی پێناسەکان پشت بە تیۆر و بنەمای جیاواز دەبەستن، هەندێجار بەشێوەیەکن دژی یەکتر دەوەستن و تا ئاستی یەکتر ڕەتکردنەوە دەڕۆن، بۆیە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، ناتوانرێت، شیعر لە پێناسەیەکی جێگیر و تایبەت قەتیس بکرێت، چونکە ئەگەر شیعر لە (شعور)ە هاتبێت، ئەوە بەردەوام لە گۆڕاندایە و چەسپاو نییە، بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا ناتوانرێت شیعر بە شێوەیەکی کۆنکرێتی پێناسە بکرێت، بەڵام ئەوەی هەیە، کە هەموو دەقێك نابێت بە شیعر، بەڵکو دەبێت چەند بنەما و مەرجێکی بنەڕەتی تێدا تواێتەوە، کە ئەوانیش خۆیان لە ڕەگەزەکانی شیعر (بیر، هەست و نەست و خەیاڵ، وێنەی هونەریی)، لەسەر هەمووشیانەوە (زمانی شیعری)ی دەبینێتەوە، بە واتایەکی دیکە؛ هەر دەقێك زادەی بیرێکی فەنتازیایی و خەیاڵ بزوێن بێت و بە زمانی بەرزی هونەریی دەربڕابێت و بە جۆرێك چنرابێت، کە تەکنیکی هونەریی و ئەدەبیی تێدابێت و هەستی جوانی و ئیستاتیکیی مرۆڤ تێربکات و چێژی پێببەخشێت، دەکرێت بە شیعر دابنرێت، بە پێچەوانەشەوە؛ ئەو دەقانە دوورن لە پەرێزی شیعری کە ئەم بنەمایانەی تێدانییە.

لەم سۆنگەوە چەند بۆچوونێك دەخەینەڕوو، کە پشت بە تیۆرە جیاوازەکانی ئەدەب دەبەستن، لەوانە: (ڕۆبرت فرۆست) باوەڕی وایە؛ کە شیعر (بیرۆکەیەکە لە ئەنجامی کردارێکەوە خۆی نمایش دەکات) (الورقی، الحدیث، 1984، 63) ئەمەش بە پشتبەستن بەو ڕاستییەی؛ کە هەموو شیعرێك (سەرەتا لە بیر Idea- ێکەوە سەرچاوەی گرتووە، دواتر نوسراوەتەوە و خراوەتە نێو چوارچێوە و بۆتە دەقێکی شیعری) (بتریوس، 2005: 157)، کە بە ئامانجی گەیاندن و پەیامە بە وەرگر/خوێنەر و ئاراستەکردنییەتی بۆ بەرەوپێشبردن و بیرکرنەوە لە ژیان، بە واتایەکی دیکە؛ شاعیر (بە سەرنجدان لە واقیع، بیر و مەبەستەکانی لەناو هەمان واقیعدا وەردەگرێت و لە بۆتەی خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانەیدا دەیتوێنێتەوە و لە بەرگێکی هونەری و ڕازاوەدا

ئاراستەی هەمان واقیعی دەكاتەوە) (سارتەر، 2020: 72)، كاریگەریشی لەسەر دروستدەكات، کەچی لە بەرانبەردا هەندێکی دیکە دەڵێن: شیعر دەربڕینی دەروونە و سەرچاوەکەی لە ویژدان (هەست و نەست) وەردەگرێت و ئاراستەی ویژدانیش دەکرێتەوە، هەڵبەتە ئەم بۆچوونە پشت بە بنەمایەکی تری شیعر دەبەستێت، کە سۆزە، سۆز(Emotion)یش یەکێکە لە بنەڕەتە گرنگەکانی شیعر و بەبێ بوونی ئەم ڕەگەزەش شیعر تەڕی و ناسکی خۆی لە دەستدەدات، چونکە مرۆڤیش تەنیا لە (بیر/ ئاوەز) پێکنایەت، بەڵکو (دەروون)یش پێکهێنەری سەرەکییە لە پرۆسەی کامڵبوونەکەیدا، بەمەش دەروون بەرپرسە لە (هەست و نەست)، وەك لە زانستی دەروونناسییدا (هەست و سۆز) بەوە پێناسە کراوە، کە (دیاردەیەکی ویژدانی و دەروونییە و بەرجەستەکاری تەواوەتی هەست و نەستی خاوەنەکەییمان پیشاندەدات) (بصير، 1983: 171)، بە پێگیری ئەم بۆچوونەش (کەدکەنی) دەڵێت: (مەبەست لە سۆز ئەو هەڵچوون و جۆش و خرۆشەیە، کە شاعیر بە هۆی ڕووداوێکەوە هەستی پێدەکات و دەیەوێت خوێنەر/ وەرگر لەو کەف و کوڵەییدا بەشداری پێبکات) (كدكنی، 1368: 24)، بۆ ئەمەش پێویستە شاعیر بەشێوەیەکی هونەریی ئەم سۆزە بخاتە چوارچێوەیەک و بۆتەیەکی زمانی، کە لەلایەك بتوانێت سەرنجی وەرگر/خوێنەر ڕاکێشێت و لەلایەکی دیکە سۆزەکانی بجولێنێت، بۆ ئەمەش زۆرجار پێویستە هەستەکانی تێکەڵ بە خەیاڵ بکات و لە بەرگێکی هونەرییدا پیشان بدات و دووبارە بیچنێتەوە، تاکو بە شێوەیەکی دروست کاریگەرییەکە بگوازرێتەوە، بە واتایەکی دیکە؛ بیرێکی ڕوت و وشك، ئەو کاتە بەهای هونەریی پەیدادەکات، کە شاعیر بە شێوازێکی هونەریی بەرز دایبڕێژێتەوە و وەرگر بخاتەژێر کاریگەری هەست و سۆزی خۆیەوە، ئەمەش پێویستی بە ئاوێزانکردنی خەیاڵ هەیە، بۆیە زۆرجار شیعر لە بۆتەی خەیاڵدا پێناسە دەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی، کە خەیاڵ(Imagination) یش توخمێکی گرنگی شیعرە و هەر دەقێکی شیعری لەم ڕەگەزە خاڵی بێت، لە بۆتە و سنووری شیعر دووردەکەوێتەوە و دادەبڕدرێت، چونکە خەیاڵ (گەوهەری بنەڕەتی و ڕەگەزێکی هەمیشەیی شیعرە) (الحديثی، 1992: 36) و یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شیعر، بە واتایەکی دیکە: لە دەقی شیعرییدا خەیاڵ هەر تەنیا ڕۆڵی جوانکاریی نابینێت، بەڵکو شیعر پڕ دەلالەت دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە گرنگی و ڕۆڵی ئەم ڕەگەزە وەك زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکەی شیعر لە ڕێبازێکی ئەدەبیی و قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی و تیۆرێکی ئەدەبیی بۆ ڕێباز و قوتابخانە و تیۆرێکی دیکە دەگۆڕدرێت، هەر ئەمەشە تاکو ئێستا بۆتە هۆی ڕێباز و قوتابخانە و تیۆریی جیاواز، وەك لە ڕەخنەی ئەدەبی کلاسیکدا پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، کە (نابێت شیعر گرنگی زۆر بە خەیاڵ بدات، بەڵکو پێویستە عەقڵ/ئاوەز و لۆژیك و ڕاستییەکان لوتکەی ئەو گرنگی پێدانەبن) (توفيق، 1988: 286).

لەلایەکی دیکە هەندێکی تر شیعر و پێناسەی شیعر گرێدەدەنە بنیاتی زمان، وەك بونیاتگەرەکان، باوەڕییان وابوو، کە زمان و پێکهاتە زمانییەکەی شیعر ڕۆڵی شیعرییەت بە دەق دەدەن، بەمەش زمانی شیعریی خۆیی جوێکردەوە لە زمانی ئاسایی و ئاخافتن، چونکە زمان لە شیعردا، زمانێکی ناڕاستەوخۆیە و تژییە لە ڕەمز و واتایی بارکراو و دەلالەتی نوێبەخش، لەلایەکی دیکە ئەرکی زمان لە شیعردا سەرەڕای گەیاندنی پەیامەکەی دەبێت ستاتیکا و چێژبەخشیش بێت، دەروونی وەرگر/خوێنەر بهەژێنێت و سۆز و خەیاڵەکانیشی تێربکات، چونکە (زمانی شیعر وەك زمانی قسەکردن نییە، کە تەنها ئامرازێك بێت بۆ لە یەکتر گەیشتن، بەڵکو بەکارهێنانێکە لە چوارچێوەیەکی گشتییەوە دەردەچێت بۆ بەکارهێنانێکی تایبەتی وە بە پەیداکردنی کۆمەڵە خاسیەتێکی نوێی جوانکاری وەك زمانێکی جیاواز خۆی دەنوێنێت) (سابير، 2006: 278)، لەلایەکی دیکە توانا و دەسەڵاتی زمان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، هەر شاعیرێك شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، لە کەڵك وەرگرتن و ئاراستەکردنی زماندا، ئەمەش پەیوەستە بە دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی شاعیر و زاڵ بوون بەسەر پرۆسەی ماڵیکرنی زماندا.

لەم بۆچوونانەی خرانەڕوو، لەناو هەمو میللەتەکان و لە هەموو قۆناغەکاندا و لای هەموو شاعیران و ڕەخنەگرانیش ئەوە ڕوونە، کە شیعر لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، ئەویش؛

ناوەڕۆك (Content) و ڕووخسار(Form )ە، کە هەر یەك لەو ڕەگەزانەش چەند توخمێك لەخۆ دەگرێت. (عومەر، 2021). ئەوەی لێرەدا گرنگە و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە (ناوەڕۆکی شیعر) و (بنیاتی بابەتیی شیعر)ە، چونکە ئەگەر دەقێك/ شیعرێك هەرچەند جوان و هونەریی بێت، بەڵام هەڵگری بیر و واتایەکی مرۆڤانە نەبێت، ناتوانێت هەڵوێستێك لە لای وەرگر/خوێنەر دروست بکات، بەپێچەوانەشەوە زۆرن ئەو دەقانەی لە ڕووی هونەرییە لاوازن، بەڵام هەڵگری پەیام ئایدیایەکی مرۆڤانەن، بۆیە بە دەنگەوەهاتن و کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگە وئاراستەکردنی تاك هەیە، بۆیە هەر دەقێکی شیعری زادەی بیرێکە کە هەڵگری پەیامێکە، بەمەش بیر چەشنی بڵێسەی ئاگرێك بەردەبێتە خەیاڵی شاعیر و وردە وردە تەشەنەدەکات، تا ژان و هەژانێك لە ناخییدا دروست دەکات، دواتر ئەم هەژانە هەڵچوونێك دەگرێتەخۆ و لەگەڵ سۆز و خەیاڵدا ئاوێتە دەبن، دواجار لە لایەن شاعیرەوە بە شێوەیەکی هونەرییانە ئەمانە بەیەکەوە دەچنرێن و لە بۆتەیەکی شیعرییدا بەرجەستەدەبن، دواتر بۆ تەواوکاری پرۆسەی بەرهەمهێنان ئاراستەی وەرگر و خوێنەران دەکرێن و ئەوانیش وەریدەگردن و بە لایەنی (ئەرێنی، نەرێنی/ کاریگەری و بەرهەڵستی) دێنە وەڵام. کەواتە: شیعر تەنیا خستنەڕوو و پیشاندانی بیر و ئاوەز نییە، بەڵکو تێڕامانە بۆ ژیان و جیهان، ئەزموونی شیعریی ئاوێزانە بە ڕۆشنبیری و خۆشیی و ئێش و ئازار و خەمەکانی کۆمەڵگە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی ڕامانە زۆرێکی دیکە شیعر و پێناسەی شیعر بە (ڕووخسار/ فۆرم)ی شیعری گرێدەدەن، وەك لە کۆنەوە گوتراوە: (شیعر وتەیەکی کێشدار و قافیەدارە و واتایەك دەبەخشێت) (عەلی، 1998: 11)، بۆیە لێرە تیشك ناخەینە سەر ئەم لایەنە، چونکە لە توێژینەوەیەکی دیکە بە وردی باس لە (بنیاتی هونەرییانەی و فۆرمی شیعر)ی کراوە.

## ١,٣. ئەرکی شیعر و کاریگەریی لە کۆمەڵگەدا:

بەشێك لە توێژەران پێیان وایە؛ شیعر وەك هونەرێکی کاریگەرە و پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و گوزارشتە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگاکەی، بەمەش شیعر ئاوێنەیەکە و هەموو ڕووەکانی کۆمەڵگە پیشاندەدات و کاریگەر و کارتێکراوە بە ڕووداو و پێشهاتەکانی ڕۆژگار، کەچی لە بەرانبەردا بەشێکی دیکە باوەڕیان وایە؛ ئامانجی شیعر تەنیا ئامانجێکی هونەرییە و لە ڕوانگەی (هونەر بۆ هونەر)ەوە لە شیعر دەڕوانن، بەپێی ئەم بۆچوونەش شیعری ڕەسەن وەك هونەرێکی ڕەسەن و پەتی، لە ئاستی دروستبوون و مانەوەدا هەڵگری هیچ جۆرە ئایدیا و بەرژەوەندییەکی تایبەتی نییە و هیچ ئامانجێکی دەرەکی لە دواوە نییە، بەم جۆرەش شیعر و هونەر داپڕاو و دوورەپەرێزن لە ژیانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیی، لەم دیدگەیەوە چەمکی (هونەر بۆ هونەر/ هونەر لە پێناو جوانیی)دا، زیاتر گرنگی بە ڕوخسار دەدات لە بریی ناوەرۆك، بۆیە لایەنگیرانی ئەم بۆچونە، بەرهەمە ئەدەبییەکان لە گۆشەنیگای تەکنیك و ڕوخساری هونەرییانەوە هەڵدەسەنگێنن و بڕیاری لەسەر دەدەن، بەمەش ناوەڕۆك و پەیامی بەرهەم بایەخێکی ئەوتۆیی نییە، بەمەش هونەر وەك لایەنێکی سەرەکی و بەشدار لە ئاراستەی کۆمەڵگە دادەبڕن، بۆیە کەسێکی وەك (جورج بەرنادشۆ) دژایەتی بۆ ئەم جۆرە تەرزانە دەربڕی و بە توندی سەرکۆنەی کردن، چونکە باوەڕی وابوو؛ بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی کاریگەریی زۆریان لەسەر دروستبوونی بەرهەمی هونەری هەیە و بە پێچەوانەشەوە هونەر دەتوانێت کاریگەریی لەسەر دهاتوودا دابنێت)(ئیگڵتن، 2016: 345).

لەم سۆنگەوە هونەر و ئەدەب وەك (سەرخان)ێك نەك هەر گوزارشتکار و دەربڕی دۆخی ڕۆژگار و (ژێرخان)ی کۆمەڵگەن، بەڵکو بەشداریی کارایان لە ژێرخانی کۆمەڵگە و داڕشتن و گۆڕان و بنیاتنانەوەشدا هەیە، وەك (تیۆری ڕەنگدانەوە) (بڕوانە: الماضي، 2010)، لەسەر ئەم بنەمایە دروستبوو، بۆیە زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسیی و ئایینی و موراڵیستەکانو رەخنەگرانی ئەدەبی، پێیان وایە هەموو هونەرێك و لەناویشیاندا شیعر، پێویستە هەڵگری پەیامی مرۆڤانە و ئامانجی مرۆڤانەی هەبێت و لە خزمەت بەرژەوەندی کۆمەڵایەتییدا بێت، بەمەش شاعیر پێویستە بە سوودوەرگرتن لە هونەرەکەی پەیامی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و فەلسەفی... بە (وەرگر/خوێنەر) کۆمەڵگە بگەیەنێت، بەم بۆچوونەش شاعیر لە بەرانبەر دۆخی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگاکەیدا بەرپرسیارە، بۆیە دەبێت ناوەڕۆکی شیعرەکانی گوزارشتکاری دۆخ و دۆزی کۆمەڵگاکەی بێت.

بە واتایەکی دیکە؛ پێوستە شاعیران و هونەرمەندان لە هەموو کێشە و کارەساتەکانی نەتەوەکانیاندا لەگەڵ خەم و ژانی گەلەکەیاندابن و پرۆژەی هونەری خۆیان بۆ بوژاندنەوە و بەرەو باشتربردنی دۆخی کۆمەڵگە ئاراستە بکەن، بەمەش دەقی باڵا هەر بەم پێوەرە هەڵدەسەنگێندرێت، کە گوزارشت بێت لە دۆخی کۆمەڵگە و خەم و هەموو لایەنەکان، بۆیە پێویستە شیعر لەخزمەت پرسە چارەنووسسازەکانی سەرجەم مرۆڤدا بێت نەك چینێك یاخود توێژێکی دیاریکراو.

لەم ڕووەوە (پرۆپ) پێیوایە؛ بایەخداربوونی شیعر (ئەرکێکە لە ڕووی ماناوە دەکەوێتە سەرشانی شاعیر، بۆ بەئاکام گەیاندنی مەبەستێك، چونکە هەموو ڕووداوێك پێشهاتە و گریمانە و زنجیرەیەکە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو) (مرزوق ؛ شاکر، 1986: 20)، (نازك الملائكة)یش زیاتر پێگیری لەسەر ئەمە دەکات و و دەڵێت: (شیعر ئەرکی هەیە، باشتریش وایە شیعر بۆ ژیان و گەردوون بەدیبهێنرێت، چونکە شاعیر وەك هەر تاکێك پەیوەستە بە ژیان و گەردوونەوە) (مصطفی، 2000: 59).

کەواتە شاعیر لە نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەژی، پەیوەستە بە هەلومەرجی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاکەیەوە، لە سۆنگەی ئەو حاڵەتانەشەوە هەڵوێست لە دیاردەکان وەردەگرێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دۆخەی تیایدادەژی و کۆی ئەم هۆکارانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر شیعر و بەرهەمەکانی دادەنێ. هەرچەندە زۆرێك لە ڕەخنەگرەکان هاوڕان لەسەر پەیوەندیی نێوان شاعیر و کۆمەڵ، بەڵام لە سروشتی ئەو پەیوەندییەدا بیروڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن: پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆیە، هەندێکی دیکە ڕەچاوی تایبەتمەندێتی شیعر دەکەن و باوەڕیان وایە ئەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆ و نادیاریشە، چونکە شاعیر لەگەڵ کەسانی سیاسیی و کۆمەڵناس و مێژوونووسدا جیاوازی هەیە، هەندێك لە ڕەخنەگرانیش باوەڕیان وایە؛ پەیوەندییەکی گشتی لە نێوان شیعر و کۆمەڵگەدا هەیە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە پێیان وایە؛ کە کۆمەڵگا کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکی شیعر دادەنێت، بەم پێودانگەش شاعیر لە ژینگەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییەتی و سەردەمێکی دیاریکردراودا دەژیت، بەمەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریی و ڕەوت و تەوژمە باوەکان، بەجۆرێك ئەگەر ژینگەکەی بگۆڕدرێت ئەوا گۆڕانکاری بەسەر بەرهەمە هونەرییەکانییدا دێت.

بەم پێیەش (ئەرکی ئەدەب) لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت، ئەدەب بەشداری لە گۆڕینی حاڵەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری... یەکان دەکات، بەم جۆرەش ئەدەب و شیعر دەبنە هۆی دەرخستنی جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان کۆمەڵ خۆییدا، بە واتایەکی دیکە: ئەرکی ئەدەب/ شیعر (بەمانای دیاریکردنی ئەدەب لەسەر وەرگر) (العلاق، 1997: 58)، بێگومانیش (شاعیر، دەق، خوێنەر) بنەڕەتێکی گرنگی ئەدەبن هەرسێکیشیان لە پێناو لۆجیکی ژیان و گەردوون کار دەکەن. لەلایەکی دیکە شاعیر وەك هەر مرۆڤێك خاوەنی هەڵوێست و تێرامانی تایبەت بە خۆیەتی، ئازادانە کەرەسەکانی هەڵدەبژێرێت، بۆیە مەرج نییە بە هەموو ڕووداوەکان کاریگەر بێت، بەڵکو تەنیا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو بابەتانەی کاردەکەنە سەر بیر و هەست و نەستی) (ناصف، 1983: 29)، سەرەڕای ئەوەی تەنیا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان نیین، کە دەبنە بابەتی شیعر، بەڵکو زۆر بابەتی هەمەچەشنەی جۆراوجۆر هەن، تەنانەت هەندێك بابەت هەن و زۆر ڕوونن، پێش ئەوەی شاعیر لە سەریان بنوسێت هیچ گرنگییەکی هونەرییان نییە.

بەم جۆرەش بارودۆخ و لایەنەکانی ژیان وەك فەرهەنگێك وان، کە کەرەسە خاوەکان دەخاتە بەردەستی شاعیران، شاعیریش بە هەوەسی خۆی هەڵیاندەبژێرێت و شیعر و هونەر و داهێنانی لێوە دەئەفرێنێت.

كەواتە دەكرێت بگوترێت؛ كە كاریگەری بارودۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتی و پێشكەوتن و بەرەوپێشچوونەكانی كۆمەڵگە و شارستانییەت و زانست، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بە تایبەتی هەیە، وەك ئەوەی بەر لە پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆژیا، فۆرمێكی شیعری نەبوو بە ناوی (مۆبایلە شیعر)، تەنانەت باشتر بڵێین؛ تا ئاشنابوونی گەلی كورد/لە باشووری كوردستان لە دوای ساڵانی (2003) و ڕووخانی ڕژێم و كرانەوەی ئەم پارچەی كوردستان بە ڕووی جیهان ئەم زاراوەش نەبوو، چونكە زاراوەكە و بنیاتی بابەتی و هونەریی فۆرمەكە بە خودی كەرەسەكە (مۆبایل) و تەكنەلۆژیا بەستراوەتە.

## ١,٤. تەكنەلۆژیا و ئەدەب:

بۆباسكردنی پەیوەندیی نێوان تەكنەلۆژیا و ئەدەب، قسە و باسێكی زۆر هەن، گۆشەنیگاكان لەسەر كاریگەریی تەكنەلۆژیا لەسەر ژانرە ئەدەبیەكان جیاوازە.

بەشێوەیەكی گشتی هەر لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی تەكنەلۆژیا، بەئاشكرا هەست بەم كاریگەرییانە كراوە، لای هەمووان ڕوونە كە تەكنەلۆژیا ڕۆڵێكی گرنگ لەسەر ژیانی خودی تاك و كۆمەڵگا دەبینێت، هەر ئەمەش وادەكا؛ كە نابێت تەكنەلۆژیا پشتگوێ بخەین، چونكە بەشدارییەكی كارا و بەرچاوی لە بوارە جۆربەجۆرەكانی ژیان، بەتایبەت ئەدەب هەیە، وەك دەشزانرێت تەكنەلۆژیا لەم قۆناغەدا پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، ئەوەتا هەندێك دروستكراوی تەكنەلۆژیا هەن، بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەدەبەوە هەیە، ئەگەرێت و وەكو نموونە باسی (تی ڤی) بكەین، كە ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەكی بەربڵاو زۆربەی ماڵ و جێگاكانی تری گرتۆتەوە، خەڵكانێكی زۆر كاتەكانی خۆیان بەدیار سەیركردنی (تی ڤی) بەسەر دەبەن، ئەمەش دواجار (بۆتە هۆی پێشكەوتنی دراما و سینەما) (بەرزنجی، 2009: 93)، چونكە بینەرێكی زۆر لەم ڕێگەوە چێژوەردەگرن، بەمەش پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان (تی ڤی) و ئەدەب بەگشتی و (ڕۆمان) بەتایبەتی هەیە، چونكە كاتێك (ڕۆمان) دەبێتە (فیلم و درما/ دەنگ و ڕەنگ) خەڵكانێكی زۆرتر (خوێندەوار و نەخوێندەوار) لەخۆی كۆدەكاتەوە، دواتر هەر ئەم (فیلم و دراما)یانە وەردەگێڕدرێنەسەر زمانە زیندووەكان، بەو هۆیەشەوە ڕەنگە ڕۆماننووسەكە ببێتە كەسێكی جیهانی (حەسەن، 2006: 6)، وەك دەگوترێت: (ڕۆمان ئەوروپای گواستەوە بۆ ناو توركیا و توركیاشی گواستەوە بۆ ناو ئەوروپا) (پامۆك، 2008 :147)، كە ئەمەش لەلایەكی دی گرنگی ئەم ژانرە ئەدەبییە/ڕۆمان دەردەخات، كە دەستێكی باڵای لە ناسین و نزیكبوونەوەی میللەتان لەیەكتری هەیە.

شارەزایانی ئەم بوارە كاتێك باس لە كاریگەریی تەكنەلۆژیا لەسەر ئەدەب دەكەن، بیروڕای جیاوازیان هەیە، وەك ڕەخنەگر و بیرمەند (دۆن ئایدی) باوەڕی وایە، كە ((هایدگەر) فەیلەسوفی گەورەی عەقڵانییەت لە ڕێگەی لێكۆڵینەوەی ئەنتۆلۆژیی تەكنیكیەوە هەوڵیداوە، كە تەكنەلۆژیا لەسەر دەستی دەربڕینە زەینیی و باوەڕی و ئامێرگەراییەكان دەرباز بكات و بیگۆڕێ بۆ پرسیارێكی فەلسەفی..،) (هایدگەر و هاوڕێكانی، 2003، 48) بە واتایەكی دی؛ هایدگەر ویستوویەتی تەكنەلۆژیا لە ئامێرێكەوە بیگۆڕێت بۆ دید و بۆچوون و لێكدانەوەیەكی فەلسەفی، ئەویش بە پرسیاركردن لەسەر كاریگەریی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تەكنەلۆژیا بۆ سەر ڕوانگە و لایەنە جیاوازەكانی ژیان و كۆمەڵگا، بۆیە ڕای وایە، هەبوونی تەكنەلۆژیا پەیوەستە بە دروستبوونی خەڵكانێكی (ڕۆبۆت ئاسا)، كە ئاراستە دەكرێن، بۆیە ئاماژە بەوە دەكات كە تەكنەلۆژیا ئاوارە سەرگەردانییە، مەترسییەكی گەورەیە بۆ لەناوچوونی كۆمەڵگا.

هەڵبەتە ئەم شرۆڤەكردنە بە جۆرێك لە جۆرەكان دروستە چونكە تەكنەلۆژیا كاریگەریی گەورەی لەسەر پێگەیاندن و ئاراستەكردنی تاك هەیە، دەتوانێت خەڵك ئاراستە بكا، ئەمەش بەخراپی بەسەر كۆمەڵدا دەشكێتەوە، چونكە ئایدۆلۆژیای دەسەڵات و بەڕێوەبەرانی وڵات، دەتوانن لەم ڕێگەیەوە خەڵك ئاراستە بكەن و لە پێناو بەرژەوەندییەكانی خۆیان بەكاریان بێنن، دواجار ئەم مەترسییە بوارەكانی ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە، چونكە ڕەنگە هونەر و ئەدەبێكی لاواز و كرێت لەدایك بێت .

لەلایەکی دیکە، ڕوناکبیر و نووسەری کورد (فاروق ڕەفیق) ڕای وایە، ئەگەرچی ئێمە (عاشق و مەفتونی کتێب و تایپۆگرافیی وشەی چاپکراوی کلتووری نووسینین، لای ئێمە شارستانییەتی و مرۆڤایەتی و کلتووره باڵاکان بەرهەمی کتێبە مەزنەکانن، کتێبە مەزنەکانیش زادەی عەقڵی گەورەکانن) (ڕەفیق، 2009: 150)، بەڵام ئەمڕۆکە لەپاڵ ئەمانەشدا تەکنەلۆژیاش دەورێکی گەورەی هەیە، چونکە تەکنەلۆژیای دیکەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن هاتوونەتە ئاراوە، (وشەی نووسراو بۆتە وێنەی جولاو وەکو (تی ڤی، مۆبایل، کۆمپیتەر، ئایپاد...)، بێگومان ئەم گۆڕان و پێشکەوتنانەش لەسەر کۆمەڵێ ڕەهەندی ژیانی تایبەت و ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە بێ کاریگەری نیین، بەڵکو کاریگەریی و ڕۆڵی گەورەیان لەسەر ئاین و سیاسەت و ئاوەز و دیدوبۆچوونی تاکەکان هەیە، بۆ ژیان و کۆمەڵگا، ئەدەبیش وەك پایەیەکی گرنگ و دیاری کۆمەڵگا بەدەر نییە لەم کاریگەرییە، جا دەشێت کاریگەرییەکان ئەرێنی بن، یان نەرێنی بن.

لەم دیدگەوە هەریەکە لە (دیڤیدی و سیدی و کۆمپیتەر و ئینتەرنێت...) بەرهەمی تەکنەلۆژیان و کاریگەریی خۆیان لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان هەیە، تایبەت کایە ڕۆشنبیرییەکان لەناویشیاندا کارەئەدەبییەکان، واتە ئەدەب وەکو بەرهەمی کۆمەڵگە لەم کاریگەرییە دەربازی نەبووە، بۆ نموونە (ئینتەرنێت) ئەگەرچی سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە، وادەکات تاك زیاتر ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری بێت، بەڵام کەمتر بوار بە خوێنەر دەدات، کە سەرقاڵی پرۆسەی خوێندنەوەبێت، چونکە زانیارییەکان لەوێدا زۆر و هەمەلایەن و ئامادەکراون، بەمەش خوێنەر کەمتر شتەکان وەردەگرێت، تەنانەت (ئەوەی وەریشیدەگرێت هەمووی لە مێشکییدا ناچەسپێت) (خلوصی، 1991: 52) و بە زەمەنێکی کورت لە یادەوەرییدا دەسڕێتەوە.

هەرچەندە گومان لەوەدانییە، کە مرۆڤی ئەم سەردەمە مرۆڤی سەردەمی تەکنەلۆژیین و فێری وەرگرتنی زانیاری و زانستی ئامادەکراو بوونە، خۆی کەمتر هەوڵدەدات و بەدواداچوون بۆ ڕووداو و زانستەکانی دەوروبەری بکا، بەمەش کەمتر ماندوو دەبێت و کاتیشی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا گەڕان و پشکنین چێژی تایبەتی خۆیان هەیە، لەلایەکی دیکە (دیڤیدی و سیدی)یش کاریگەریی خۆیان هەیە، ئەوەتا دەتوانی لەناو (سیدی دیڤیدی)ەك چەندان کتێب و بەرهەمی ئەدەبیی و زانستیی هەڵبگریت و بیکەیتە کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمەش لەبری کتێبخانەیەکی قەبە، کە شوێنێکی زۆری دەوێت، کەچی لە بەرانبەردا زانایانی بواری هۆشی و ژیریی ئاماژە بەوەدەکەن، کە کتێبی بەرجەستە (کتێبی کاغەزی چاپکراو) باشترە بۆ خوێندنەوە، چونکە زیاتر زانیارییەکان لە مێشکی خوێنەر دەمێنن و چێژی خۆشی هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی، کە کتێب (بۆن و بەرامێکی تایبەتی) هەیە، یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتنی زیاتر و ماندووبوونی کەمتر و تەندروستی باشتر، ئەمەش تەنیا خوێنەرانی ڕاستەقینەی کتێب هەستیپێدەکەن.

کەواتە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان هەموویان کەم تا زۆر پەیوەندییان بە ئەدەبەوە هەیە و کاری لێدەکەن، چونکە وەنەبێت ئەدەب و زانست دوو بواری دژ بەیەکبن، ئەوەتا (شیعری فێرکردن) دەچێتە ناو بواری زانست و زانیارییەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە لە سەدەی نۆزدەمدا سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی وا هاتەکایەوە و کاریگەریی لە بوارەکانی داهێنان دروستکرد، چونکە هەوڵەکەی (چارلس داروین) (1809- 1883) کە بە (تیۆری پەرەسەندن) ناسراوە کاریگەییان کردە سەر نووسەر و توێژەرانی بواری ئەدەبیش، ئەمەش بە ڕادەیەك بوو؛ دەیانەویست ئەدەب بخەنەناو چوارچێوەیەکی زانستی ڕووت و دەستوور و یاسای بۆ دابنێن، واتە دەیانەویست ئەدەب لە قاڵب بدەن،، مەبەست و ئامانج لەم هەوڵانەش بە (زانستیکردنی ئەدەب) بوو لای ئەدیب و نووسەران، واتە (... سەلماندنی زانستی ئەدەب بوو، وەك هەر بوارێکی تری زانستەڕووتەکان) (محەمەد، 2001: 38)، دواتر کاریگەری خراپی جێهێشت، چونکە هەروەکو دەزانین ڕەگەزی (سۆز و خەیاڵ) لە ئەدەبدا باڵایە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کەچی لە زانست شتێکی لەم شێوەیە نییە، لەوێ شتەکان بە ژمارە و داتا و ڕاستییەوە بەندە، بۆیە ئەدەب و زانست لێرەدا لەیەك جیاوازن و لە دوو سەنگەری دژ بەیەکدان.

بەردەوامی و پێشکەوتنی بوارەکانی زانست لە سەدەی بیستەمدا زیاتربوون، ئەمەش وایکرد، کە جۆرە بەردەوامییەك هەبێ بۆ پرۆسەی بە زانستیکردنی ئەدەب، چونکە (.. لە ساڵانی

چارێگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەمدا لە کاردانەوەی کاری میتۆدیی مێژوویی و کلاسیکەکانی ڕەخنەیی ئەدەبیی، کە دەقییان لە نێو هەڵسەنگاندنی ئایدۆلۆژیا و میزاجی و مێژووییدا نقوومکرد بوو، بایەخییان بە (جیهانی نووسەر) دەدا، بۆیە ئاراستەیەکی نوێ لە بواری ڕەخنە سەریهەڵدا، ئەم ئاراستەیەش لە چەند باڵێکی جیا پێکهاتبوو وەکو: بزوتنەوەی (فۆرمالیستی ڕووسی) و (ڕەخنەی نوێ)، هەرچەندە ئەمانە لەسەر چەند شتێك جیاواز بوون، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر گرنگیدان بە جیهانی (ناوەوەی دەق) و داپڕان لە دەرەوە، بۆیە ئەو میتۆدە ڕەخنەییە نوێییانە کۆکن لەسەر (ڕزگارکردنی دەق لە چوارچێوەی دەرەکی و هەڕەمەکی ڕەخنەیی ئایدۆلۆژیی) (محەمەد، 2001: 39)، هێنانی چوارچێوەیەکی زانستیانەی ئەدەبی، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە پێکهاتە و بونیاتی زمانی دەق، زۆرجاریش سوودوەرگرتن لە داتا و ئامارکاری، (ئامارەشێواز) کە ئەمەش ئامێری و پێوەرییە.

لەلایەکی تر (مۆبایل) یەکێکە لە بەرهەمە تەکنەلۆژیاکان و کاریگەریی لەسەر هەموو کایەکانی ژیان و کۆمەڵگە هەیە و ئەدەبیش لەم کاریگەرییە دوور نییە، چونکە گەرچی (مۆبایل) کارئاسانی بۆ ژیاندەکات و وزە و کات دەگەڕێنێتەوە، دەشێت بەهۆیەوە گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی، دەقی ئایینی و شیعری، یان هەر شتێك بگرین کە دڵخوازمانە، بەڵام ئەمانە وادەکەن مرۆڤ زیاتر وەرگر بێت، نەك نێرەر، چونکە بەکارهێنەران کاتێکی زۆریان بەفیرۆ دەچێت، بێ ئەوەی هەستی پێبکەین، تەنانەت کاریگەری دەخاتەسەر دروسبوونی خوێنەری کاراش،چونکە خوێنەر کاتی بیرکردنەوەی نییە و زیاتر مشەخۆرە لەسەر زانیارییە ئامادەکراوەکان.

لەلایەکی تر پەیدابوونی ئەم ئامێرە بووە هۆی دەرکەوتنی فۆرمێکی تری شیعری، یان باشتر بڵێین بووە هۆی زیندووکردنەوەی جۆرە فۆرمێکی ئەدەبی کۆن، بەڵام بە چەندین ئەدگاری تازە.. کەواتە (مۆبایلە شعر) دەرهاوێشتەی ئەو ئامێرەن، بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆك و زمانی شیعریشەوە وابەستەی بنەما و ئەدگارەکانی ئەم ئامێرەن.

### ١,٥. مۆبایلە شیعر وەکو بەرهەمی تەکنەلۆژیا:

ئەدەب بەگشتی ڕەنگدانەوەی ژیانە، پەیوەندیی بەژێرخانی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە لە سەردەمی ئێستا دەتوانیین بڵێین ڕەنگدانەوەی ژیانی پڕ لە تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی سەردەمە، چونکە ئەدەب خۆی لەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیایانەی سەردەمدا گونجاندووە، ئەمەش پەیوەندیی بە زیندوویەتی و بزۆزی ئەدەبەوە هەیە، دەیەوێت لە ژیان و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە بەشداربێت و داپڕاو نەبێت، بە واتایەکی دیکە؛ ئەو گۆرانکارییانەی بەهۆی ئەم ئامێرە بچووکە بەسەر کایە و بوارەکانی ژیان هاتوون، بەشێوەیەکی دیار کاریگەریی لەسەر ژیان بەگشتی و ئەدەب بە تایبەتی دیارە، وایکردووە شێوە و ناوەڕۆکی ئەدەبی/شیعری بگۆڕێت و بۆتە هەڵگری چەند زاراوە و سیماو ئەدگاری تایبەت بەخۆی، هەر ئەمەشە کە قۆناغەکانی ئەدەبی لەیەکتر جوێ دەکاتەوە،

بۆیە ئەم گۆڕانکارییە هەر لایەنی فۆرمی (کورتبڕی، تۆپۆگرافیا،...) ناگرێتەخۆ، بەڵکو بۆتە هۆی گۆڕینی زمانی شیعری و وشەی شیعری، تەنانەت ناوەڕۆکی شیعریش بە شێوەیەکی دیکە بەرجەستەکراون، بۆ نموونە ئەگەر جاران نامەنووسین لەسەر کاغەزێك یا گەڵای دارێك یا هەرشتێکی جوان بوایە، کە بە نووکی خامە لێی دەنووسرا و دەگوترا: (دەستێ بدە پێنووس و قەڵەم و نامەم بۆبنووسە....)، جگە لەوەش (ئەو کاغەز و گەڵایە...)ش...، بە جوانترین شێوە دەڕازاندرایەوە و جۆرێك و زۆرێك لە بۆن و بەرامەی لێدەدراو بە جۆرەها ڕەنگ و بۆیە نامەکە دەنەخشێندرا و دەنووسرا، کەچی ئێستا کاغەزەکە یا باشتر بێژین: لێنووسەکە بۆتە شاشەیەکی بچووکی هەستیار و پێنووس (نووکی خامە)کەش بۆتە (دوگمە/کیبۆرد)ی ئامێرەکە، جا چۆن و بە چ شێوەیەك بۆن و بەرامەی لێبدرێ و پرازێنرێتەوە!! هەر بۆیەشە ئێستا لەم جۆرە نامەیە نەك هەر باسی بۆن و بەرامەی نامەکە ناکرێ، تەنانەت بەهۆی (ئەو سایت و کارە هەمە چەشنەکانی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر،... نەك لەسەر ئایندەی ئەدەب، بەڵکو بوونەتە پرسیار: ئاخۆ نووسینی کاغەزی چی بەسەردێت،... لەبەردەم ئەو شۆڕشە

ئەلیکترۆنییەدا..) (ڕەشید، 2011: 79)، بۆیە نامەی کاغەزیش بە دەگمەن بوونی ماوە، وەك دەگوترێت:

**دەستێ بدە مۆبایلەکەت**
**نامەیەکم بۆ بنووسە...**
**لەم پایزی هەڵوەرینە**
**تۆ لە جێی خەم لێم بپرسە..(**حەسەنی، 2007: 67).

لەم دیدگەیەوە گۆڕانی ڕێرەو و وشە و زاراوەکانی ئەم فۆرمە شیعرەیە، وابەستەیە بە گۆڕانی سەردەم و نوێبوونەوە، بۆیە دەگوترێت (دەقێك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی نەبێ چێژی ئەدەبیەکەی لە دەست دەدات) (ئیسماعیل، 2010: 24)، بۆیە پێویستە شاعیر و نووسەر درك بە پێویستی سەردەم بکات، چونکە ئەوان بە پاڵەوانی سەردەمی خۆیان دادەنرێن.

### ١,٦. زمانی شیعریی مۆبایلە شیعر:

بەگشتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە ئەدەبی کوردییدا ڕوویداوە، بەشێکی گرنگ و گەورەی لە پێکهاتەی زمانی شیعریدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە گۆڕانکارییەکان زیاتر پەیوەستبوون بە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر و ئاواز و بیناتی گشتیی شیعر، بەمەش قۆناغ و سیستەمێکی نوێ لە زماندا بەدیهات و پەیوەندییە زمانییەکانی گواستەوە بۆ پەیوەندییە نوێکانی زمان و ڕێباز و دیدگەیەکی نوێی بە ئەدەب بەخشی، کە ئەمەش خۆی لە (هەڵبژاردن)ی وشە و زاراوە زمانییەکانیدا دەبینییەوە.

بە واتایەکی دیکە؛ ئەگەر زمانی شیعری کۆنی/کلاسیك ئەوەندە تێکەڵ و ئاڵۆز بووە، کە تەنها کەسانی خاوەن بەهرە و سەلیقەی شیعری توانایان بە سەردا شکاوە،) کەچی لە کۆتایی سەدەی هەژدەمرو سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، ڕێبازی شیعری ڕۆمانتیك(نوێ) دەرکەوت و شاعیران هەوڵیاندا گۆڕانکاری لەو زمانە ئاڵۆزەی شیعر بکەن (پڕوانە: محەمەد، 2008)، بۆیە هەنگاوی یەکەمیان ئەوەبوو زمانی شیعری پاك بکەنەوە لە وشەی بێگانە و شیعر بە زمانێك بنووسن نزیك بێت لە ئاستی تێگەیشتن و زمانی خەڵکییەوە، بۆیە هەندێکیان بە ڕادەی نزیك بوونەوە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵك شیعرییان دەنووسی بە مەبەستی ئەوەی، کە هەموان لێی تێبگەن و پەیامی شاعیر بەبێ هیچ تەمومژ و ئاڵۆزیەك بگاتە وەرگر، خەڵك و هەوادارانی شیعر چێژ و سەلیقەی سەردەمەکەش هاو ئاهەنگ بوون لەگەڵ ئەم ڕەوتە نوێیەدا، بۆیە دەکرێت بگوترێت کە داوای بە کارهێنانی زمانی ژیانی ڕۆژانە، داوایەکی نوێ نەبوو، بەڵکو ئەمە (بەشێك بوو لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی رۆمانتیکی لە جیهاندا) (اطمیش، 1983: 172)، دواتر بە هۆی قۆناغی سیاسیی و ئابووری و ڕۆشەنبیری لە ناوچەکەدا، زمان بەرەو جۆرێکی دیکە لە ئاڵۆزی و تەمومژاوی و پەنهانی چوو، بۆیە لە قۆناغی شیعری هاوچەرخ (پێش ڕاپەڕین) شیعرەکان پڕبوون لە وشە و ئیحای ڕەمزی و پەنهانی، تەنانەت هەولی گۆڕینی ناوەڕۆکی شیعریش بەهۆی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی هاتە ئاراوە، ئەمەش جارێکی تر بوویە هۆی گۆران لە شێوازی زمانی شیعریی.

لەم دیدگەوە زمانی شیعری (مۆبایلە شیعر)ی کوردی، کە زادەی قۆناغێکی نوێی سیاسی و شارستانییەت بوو، زمان بەرەو ئاساییبوونەوە و سادەیی بوونەوە چوو، ئەویش بەهۆی خودی ئەو ئامێرە (مۆبایل) بوو؛ کە گوزارشتکار و دەرپرینی پەیامی هەست و سۆز و بیری خودییە، نەك گشتیی، دواتریش خودی ئامێرەکە بۆ خێراترکردنی کاروبارەکانی ژیان هاتۆتەکایەوە، بۆیە لەم پێناوەدا (مۆبایلە شیعر)یش دەیەوێت ئەو ڕۆڵە بەرجەستە بکات و وەرگر/خوێنەر بەزوویی تێبگات و کاریگەری بکەوێتەسەر، تا ئاستی وەڵامدانەوەشی خێرابێت بۆی، بۆیە زمانی شیعریی مۆبایلە شیعر؛ زمانێکی سادە و ساکار و بێگرێیە، (گوزارشتکاریی حەز و ئاوەز و دەروونی تاکە بۆ تاکێکی دیکە) (ڕەشید، 2007: 74)، بۆیە زۆرترین سوود لە وشە و زاراوە باوەکانی سەردەم

وەردەگرێت و مەرامی خۆی پێ جێبەجێدەکات، تەنانە زۆربەی جار وشە بە واتا فەرهەنگییەکەی دێت و بەدوورە لە دەلالەتی بارکراو، هەر ئەمەیشە هۆی سادە و ڕەوانییەکەی.

## ٢. بنیاتی بابەتی (مۆبایلە شیعر)ی کوردی:

بنیاتی بابەتی (مۆبایلە شیعری) بە سروشتی خۆیەوە و لەگەڵ سەرجەم وشە و زاراوەکانی تایبەت بە ئامێری مۆبایل لە ڕووی بنیاتی بابەتی باس و خواسەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەکو سەرجەم بابەتەکانی دیکە لەگەڵ شیعردا ئاوێتە بووە، بۆ نموونە بەر لە (مۆبایلە شیعر)، ئەو شیعرە پڕ لە ڕەمز و یاخییانەی سالانی حەفتاکان و تا بەم دوایەش هەوێنی بنیاتی بابەتی شیعری شاعیران بوونە و گوزارشتی ئەو دۆخە ناهەموار و پڕ زەبر و زەنگەی کورد بووە، واتە ئەو بار و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوررییەی ئەوساکە وای لە نووسەران و شاعیرا کردبوو، بابەتی (سیاسی، نیشتیمانی، بەرگری،...) بکەنە هەوێن و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان، ئەمیش بە پشتبەستن بەو بنەمایەی، کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە و کارلێکەر و کارتێکراوە بە قۆناغەکەی، بۆیە ئەگەر سەیری (مۆبایلە شیعر) بکەین وەکو بەرهەمێکی سەردەم، دەرهاوێشتەی قۆناغ و مێژوو و کۆمەڵایەتی... کۆمەڵگەکەی خۆیەتی، ڕەنگدانەوەی بارودۆخەکانی قۆناغی تێدایە، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنیدا هەندێك بابەتی تازە و سەردەمییانەی هێناوەتە ناو شیعر، ئەم بابەتانەش وەنەبێت بە شێوەیەکی وەها تازە بن، بەڵکو گوزارشتکردن لەم بابەتانە بەشێوەیەکی دیکە و لە بەرگێکی دیکە بووە، ئەمیش بەهۆی گۆڕانی زمانی قۆناغەکە (سادەبوونی زمان) و پێشکەوتنی شارستانییەت و نوێبوونەوەی زمان (وشەی نوێ، سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەکانی مۆبایل)، بۆیە لێرەدا ئەم بابەتانە بە نموونەی دەقی مۆبایلە شیعرەوە دەخەینەڕووە:

### ٢،١. خۆشەویستی:

مەبەست لە خۆشەویستی هەبونی ئەو پەیوەندییە ڕوحی و سۆزدارییەیە، کە لە نێوان (دوو کەس: نێر و مێ)دا هەیە، بۆیە زۆرجار بە قسە و دوان خۆشەویستەکان هەستەکانیان بەرانبەر یەکدی دەردەبڕن، مۆبایلیش وەك کەرەستەیەکی پەیوەندی پێناوێکی باش و بەجێییە، گەیاندنی پەیام و هەستدەربڕینی بۆ ئاسانکردووە، کە لە هەموو سات و کاتێکدا بەردەستە، بۆیە بابەتی خۆشەویستی بە شێوەیەکی یەکجار بەرچاو باڵی بەسەر دەقەکانی (مۆبایلە شیعر)دا کێشاوە، بە شێوەیەکە زاڵە بەسەر هەموو بابەتەکانی دیکەدا، ئەمەش لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکە شیعرییانەدا بە تەواوی هەستی پێدەکرێت، دەشێت ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە (مۆبایلە شیعر) خۆی پەیام و ناوەڕۆکی وەها دیاری نییە، چجا ببێتە هۆی پەیامداری!!، چونکە وەك گوترا؛ لە بنەڕەتدا ئەرکی بۆ گۆڕینەوەی هەست و نەستی نێوان دوو کەسە، بۆیە شیعریی (مۆبایل)یش دەبێتە هۆی ئەم (گوزارشتکردن و هەست دەربڕینە خودییە) (محەمەد، 2007: 73)، کە لە ڕێگەی ئەم ئامێرە بچووکە ئاراستەی شوێن و کەسی مەبەست دەکرێت.

هەڵبەتە بابەتی هەست دەربڕینی خۆشەویستیش دابەشدەبێتە سەر چەندین لایەن، بۆیە ڕوانیین لەو نامیلکانە چەند جۆرێك بەنموونەی شیعرییەوە دەخەینەپێشچاو:

#### ٢،١،١. سڵاو کردن بە شێوەیەکی گشتی:

هەرچەندە ئەو پەیامە تایبەتمەندیی تاکە کەسییە، کە یەکێك بۆ بەرانبەرەکەی دەینێرێت، بەڵام ئەم سڵاوکردنەش لە سڵاوکردنی ئاسایی و سادە جیایە، بەڵکو سڵاوکردنێکی هونەرییانەیە و پڕە لە وێنەی جوان و دیمەنی هەست بزوێن و دەربڕینی خۆشەویستییە، سڵاوێکە لە ڕووی کاتە گشتییە و کاتەی دیارنەکراوە و نەبەستراوە بە زەمەنێکی پەیوەست و دیاریکراو، بۆیە زۆرجار ئەم سڵاوانە ئاوێتە دەبن بە هەندێك پرسیار و دواتر ئاراستەی کەسی بەرانبەر دەکرێت. وەکو:

**گوڵم ســـڵاو**
**پڕ بە دڵ و... گەرووی تاسەم..**
**بۆ بێدەنگی؟؟**
**ئەی پێویست تر لە هەناسەم..!** (حەسەنی، 2007: 48)

کەواتە شاعیر لێرەدا هەم سڵاوێکی گەرم بۆ یارەکەی دەنێرێت و لەوێش خۆشەویستییە زۆرەکەی خۆی بە لێکچواندنێکی هونەری (سڵاو = دڵ، گەرووی تاسە/ هەناسە) ڕووی لێکچواندنیش لە (لە زۆری گەورەیی و پێویستی)یە، بۆ ڕووندەکاتەوە، دواتر پرسیار لە بێدەنگییەکەی دەکات، بەمەش بە تیرێك دوو نیشان دەپێکێت:

**ســـڵاو...**
**ئاورینگی سەر پەڕەی گوڵی ئاڵ**
**نامەت نایە،**
**ڕۆژم لێ دەڕوا بە ساڵ...!** (باشبڵاخی، 2007: 91)

یان:

**ســڵاو گوڵم**
**تاقە هەرمێکەی**
**شا لقی.. دڵم.** (ڕەئوف، 2009: 18)

ئەگەر سەرنج لەم دەقانە بدەین، دەبینین هەموویان بە سڵاوکردن دەست پێدەکەن و لە گەڵیشیدا ئەو سۆز و خۆشەویستییەی، کە کەسی (نێرەر) لە ناخی کەفوکوڵی دێت و کۆبۆتەوە بە وەسفێکی جوانی کەسی بەرانبەر دەردەبڕێت، بۆ (ئەو کەسەی سڵاوەکەشی ئاراستە دەکرێ) و پەیامەکەی ئاراستە دەکا، جاری واش هەیە لەگەڵ وەسفەکە وردە پرسیار و وردە گلەیی لێدەکا و چاوەڕێی وەڵامدانەوەشی دەکات.

هەندێکجاریش (سڵاو)ەکە کاتی نییە و بە کات و ساتێکی دیاریکراو پەیوەست نییە، تەنانەت وشەی (سڵاو)یشی تێدانییە، بەڵام تەنیا وشەی (کات/ زەمەن)ی تێدایە. وەکو:

**ئەم کاتەت.. باش نازدارم!**
**ئەی نیگاهت..**
**تیری ناو جەرگی شەوگارم!** (ڕەئوف، 2009: 46)

یان:

**ئەمکاتەو**
**گشت کاتێکت شاد!..**
**گوڵەباخی نێو ئینجانەی یاد.** (باشبڵاخی، 2008: 30)

یان:

**چرکەکانی زەمەنت باش**
**کەمن ئێستا تەنیا ماوم**
**لە جێگای خۆت نامەکانت**
**دەبنە سایە بۆ هەناوم!** (باشبڵاخی، 2007: 30)

کەواتە لێرەدا بە وشەی (کات) مانا و پرسین و مەبەستی کاتەکە دیاری نەکراوە، بەڵکو گشتگیر کراوە، کە دەکرێت بۆ هەموو کاتە جیاوازەکان بەکاربێت و لە هەر ساتە وەختێك کەسی هەست دەربڕ و دەستپێشخەر؛ (نێرەر) دەست دەکاتە مۆبایلەکەی و پەیامەکە بۆ بەرانبەرەکەی (بۆ نێردراو) دەنێرێت، بێگومان ئەمەش هەوڵی نووسەر و زیرەکییە کە کاتەکەی دەستنیشان نەکردووە، تاکو بۆ هەموو چرکەکان بشێت.

**٢.١.٢. سڵاوکردن بە پێی کاتەکانی ڕۆژ:**

لێرەدا کەسی(نێرەر) بە شێوەیەکی جوان و ناسك سڵاو ئاراستەی بەرانبەری دەکا و لەگەڵ ئەوەشدا کاتی سڵاوکردنەکەشی دیار دەکات، وەك دەشزانرێت کاتی گشتی بەپێی ئەوەی هەیە، دابەش دەبێتە سەر چەند کاتێکی وردتر و دیاریکراو (بەیانی، نیوەڕۆ، شەو،...)، بۆیە لێرەدا بەپێی بوونی دەقەکان پۆلێنییان دەکەین و باسیان دەکەین، لەوانە:

**٢,١,٢,١. بەیانی باش:**

وەك دەزانرێت (بەیانی) ماوەیەکی دیاریکراوە و لە نێوان خۆرهەڵاتن و نیوەڕۆدایە، شاعیریش بۆ ئەم کاتە سڵاوکردنەکەی نووسییوە، بۆیە شێوەیەکی هۆنینەوەی شاعیرانە و لە هەسێکی باڵادا و ئاوێزانکردنی وشەکانی: (بەیانی، سپێدە، سوبح،..)باش، بە دەقەکە، ئاراستەی کەسی بەرانبەر (وەرگری پەیام) کردووە، هەندێکجاریش لەگەڵیدا وەسفی جوانی و ناسکی بەرانبەرەکەی دەکات، بۆ ئەمەش سوود لە هونەری لێکچواندن وەردەگرێت و لێکچواندنێکی بەرز بۆ یارەکەی دەکات وەك:

**سپێدە باش**
**گوڵ ناز ناز**
**چپەی تۆ**
**خۆشترە لە ساز..** (باشبڵاخی، 2007: 77).

وەك دیارە شاعیر بە وشەی (سپێدە باش) دەستیپێکردووە، دواتر وەسفی یارەکەی کردووە، بۆ ئەم وەسفەش نە (ئەوزار)ی بەکارهێناوە و نە (ڕووی لێکچواندن)ی باسکردووە، بەڵام ڕووی لێکچواندنەکە بەهۆی (لێچوو، لەوچوو) بە دیار دەکەوێت، نەبوونی ئەوزاریش پەیوەستە بە چڕی وشە دەربڕین و کەمی لە نووسیندا.
یار: لێچوو
گوڵی ناز ناز: لەچوو
ناسکی و جوانی: ڕووی لێکچواندن
چپەی یار: لێچوو
دەنگی ساز: لەوچوو
خۆشی و ناسکی و هەستبزوێنی: ڕووی لێکچواندن

یان:
**سوبحت نمەی بارانی ماچ**
**گوڵە گەنمی دەشتی قەراج..** (باشبڵاخی، 2007: 43).
وشەی (سوبح) ئاوێزانی هەستی خۆشویستن و دەربڕینی سۆزێکی ناسك کراوە، دواتر وەسفی یارەکەی کردووە، بەم شێوەیە:
یار: لێچوو
گوڵەگەنم: لەوچوو
ڕووخسار و بەژن و باڵای ناسك و تەڕ: ڕووی لێکچواندن

یان:
**بەیانیت باش، ئەی پاکژتر**
**لە شەونمی سەر گوڵ و گیا**
**سروشت بە تۆوە شیرینە**
**کە تێکەڵی.. لەگەڵ ڕەنگیا.** (حەسەنی، 2007: 43).

**٢,١,٢,٢. ئێوارەباش:**

ئەمەش وەك هەموو سڵاوەکانی دیکە دەربڕی سۆز و خۆشەویستی پەنگخواردووی کەسی (نێرەر)ە بۆ کەسی (بۆ نێردراو)، بەڵام ئەوەی کە هەیە و جیاوازە؛ تەنیا کات و ساتی ناردنی

نامەكە(پەیامەكە) دەگۆڕێت، باشتر بڵێین كاتەكەی پەیوەستە بە (ئێوارە)، وەك ئەم نموونە شیعرانە:

**ئێـوارەباش**
**زەردەپەڕەی ئێوارەیەكی گەش و ئاڵ**
**من دەبمە گەڵای پایز و**
**تۆش ببەرە شنەی شەماڵ.** (حەسەنی، 2007: 82).

یان:

**ئێوارەت باش...**
**شا شۆخی.. دیدەی مەستم**
**ئیلهام بەخشی،**
**ناسكترین هەڵبەستم..** (باشبڵاخی، 2007: 89).

یان:

**ئێوارەت گوڵ..**
**ئەی ئازیزترین كەسی دڵ..**
**دەریایی یادت**
**چۆڵ ناكات.. نەورەسی دڵ.** (باشبڵاخی، 2008: 37).

هەموو ئەو دەقانە پڕن لە گوزارشت و دەربڕینی سۆزداری و خۆشەویستی و بۆ كەسی بەرانبەر و ئاوێتەی وەسفی جوانی یارەكەی و بەرجەستەكاری ناخی كلۆڵی پیشاندەدات.

**٢,١,٢,٣. شـەوباش:**

وەكو كاتەكانی دیكە هەمان ئەدگار و تایبەتمەندیی هەیە، ئەوەی جیاوازە تەنیا كات و ساتەكەیەتی، كە (شەو)ە، ئەمەش بە مەبەستی پرسینی هەواڵ و ئاگا لێبوونە لە (بۆ نێردراو)، زۆرجاریش لەگەڵ سڵاوەكە وەسف یان داوایەكی تێدایە و ئاراستەی كەسی بەرانبەر دەكرێت، نێردراو چاوەڕێی وەڵامە، وەكو:

**شەوباش گوڵە ئەستێرە**
**بێ تۆ تاریكە ئێرە..**
**جارێ وەرە میوانم**
**دڵم تەنیایە لێرە..** (زەنگەنە، 2007: 62).

لێرەدا جگە لەوەی (یار) لە جوانی و بەرائەتدا بە (گوڵە ئەستێرە) چوێنراوە، كە دەبێتە هۆی ڕووناكی دڵ و دەروونی تاریكی نێرەر، دواتر داواشی لێدەكات، كە جارێك ببێتە میوانی و بچێتە ژوانی، چونكە ئەو/نێرەر زۆر تەنیا و بێكەسە.

یان:

**شەوباش گوڵم..**
**تاڵە نێرگزی**
**ئینجانەی دڵم.** (حەسەنی، 2007: 78).

یان:

**شەوگارت عیشق**
**ئەی گوڵە باخ..**
**شیرینتر لە گەزۆی**
**گەڵای بەڕووی چەمی چوار باغ..** (باشبڵاخی، 2007: 30).

لەم دوو دەقەدا سەرەڕای سڵاوکردنەکە، وەسفی یاری پێکراوە و (یار) لە بۆنخۆشی و ناسك وجوانی ڕووخساردا بە (گوڵ و پەڕەی گوڵ) چوێندراوە.

**٢,١,٣. پیرۆزبایی بە پێی جەژن و بۆنەکان:**

لایەنێکی تری بابەتەکانی (مۆبایلە شیعر)، کە پەیوەستە بە کات؛ بۆ بۆنە و (جەژن)ە پیرۆزەکردن، کە بەشێوەیەکی زەق لە ناواخنی (مۆبایلە شیعر)ەکاندا هەن، ئەمیش بەهەمان شێوە بۆ گۆڕینەوەی پەیامی جەژنە پیرۆزە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەکاردێت، هەست و سۆز بەشدارییەکی کارای ئەم بابەتە شیعرییەن.

وەك دەشزانرێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە پێی ئایین و نەتەوە و بۆنەکان چەندین جەژن هەن، بۆیە لێرەدا بەپێی جەژەکان ئەم دەقانە دەخەینەڕوو، لەوانە:

**٢,١,٣,١. جەژن بە گشتی:**

ئەمە وەك لە ناوەکەییدا دیارە، جۆرێکی گشتییە و تایبەت نەکراوە بە جەژنێکی دیاریکراو، بۆیە ئەم دەقانە دەگرێتەوە؛ کە لەگەڵ دەرپڕینی هەست و سۆز، تەنیا واژەی (جەژن/ جەژنە پیرۆزە) لەخۆ دەگرن، ئەم جۆرە دەقەکەش بە بەراورد بەوانی دیکە، کە کاتەکەی دیاریکراوە زۆرتر و زیاتر بەکاردێت و بۆ هەموو بۆنە و جەژنە (ئاینی و نەتەوەیی و کلتوورییەکان...) دەشێت، وەك:

**کە جەژن دێ بەر لە گشت کەس**
**پیرۆزبایی لە تۆ دەکەم..**
**بەر لە جەژنە پیرۆزەی گشت عاشقێ**
**نوقڵی وەفا و دیاری دڵت پێشکەش دەکەم.** (خالید،2010: 10).

یان:

**جەژنت... پیرۆز**
**گوڵەکەی پایزی شار..**
**بۆن خۆشتری،**
**لە نێرگزی... نەوبەهار.** (باشبڵاخی، 2007: 56).

یان:

**بۆ ئەم جەژنە**
**ئەگەر بکرێ..**
**دڵی خۆمت بۆ دەنێرم**
**لە جێی شیعرێ.** (حەسەنی، 2007: 42).

یان:

**جەژنت پیرۆز**
**ئەی سەرچاوەی ئیلهام و سۆز**
**لە تۆ دوورم، دڵم بۆتە**
**گڵۆڵە خەمێکی ئاڵۆز.** (باشبڵاخی، 2007: 20).

تەواوی ئەم دەقانە تژین لە وێنەی هونەری، لە هەموویاندا باس لە خۆشەویستی نێرەر و وەسفی یار و پێویستبوون و هەبوونی کراوە، بۆ ئەمەش بە چەندین وشە یاری ڕازاندۆتەوە، تاکو کاریگەری لەسەر بکات و ئەمیش وەڵامی بۆی هەبێت.

وەك گوترا لەم شیعرانەی کە ئاماژەما پێکردن جەژنەکان دیاری نەکراون دەقەشیعرییەکان تایبەت نەکراوە بە بۆنە و جەژنێکی دیاریکراو، بۆیە نێرەر دەتوانێت بۆ هەموو جەژنەکان بۆ کەسی بەرانبەری بنێرێت و پەیامە سۆزاوییەکەی پێ مەیسەر بکات.

**٢,١,٣,٢. جەژن و بۆنە دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردی:**

**٢,١,٣,٢,١. جەژنی ڕەمەزان:**

ئەم جەژنە، جەژنێکی ئایینیە و تایبەتە بە ئاینی ئیسلام و دەکەوێتە مانگی (9 - رمضان)ی کۆچی، ئەمەش دوای ئەوە دێت؛ کە موسڵمانان بۆ ماوەی مانگێك بە (ڕۆژو) دەبن و خواردن و خواردنەوە لەخۆیان دەگرنەوە، دواتر دەیکەن بە جەژن و سەردانی یەکتر دەکەن و خۆشەویستییان بۆ یەکتری دەردەبڕن و داوای گەردن ئازایی و ئاشتەوایی لەیەکتر دەکەن، ئەمەش جۆرێك لە نوێکردنەوەی دۆستایەتی و خزمایەتی و پەرەدانە بە خۆشویستنی یەکتری، ئەمەش خۆشیهێنێکی زۆرە بۆ گەلانی موسوڵمان، بۆیە گەلی کوردیش وەك زۆرینەیەکی موسڵمان دڵشادە، شاعیریش وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە پابەندە بە ئایین و نەریت و کلتوور، بۆیە ئەم دەقانەش دەرخەری ڕەنگدانەوەییەتی بەسەر هزر و بیرییدا، وەك لەم دەقەدا بەدەردەکەوێت:

**ئەوا جەژنی ڕەمەزانە**
**دڵم بۆ تۆ پەرێشانە**
**توخوا وەرە بۆ ماڵی دڵ**
**بێ تۆ شارێکی وێرانە.** (خۆشناو، 2013: 33).

لێرەدا شاعیر سەرەڕای لە ڕێگەی کورتە نامەی مۆبایل و دوور بەدووری پیرۆزبایی لە یارەکەی دەکا، داوای هاتنیشی لێدەکات و تاکوو ئەم وێرانەی دڵی، کە لە بێ یاری و دووری یاری وایلێهاتووە، جارێکی دیکە بگەشێتەوە و خۆشی ڕووی تێبکاتەوە.

**٢,١,٣,٢,٢. جەژنی قوربان:**

ئەم جەژنەش دووەم جەژنە تایبەتە بە ئاینی ئیسلام و دەکەوێتە مانگی (12 - ذوالحجة)ی کۆچی، ئەمەش دوای ئەوە دێت؛ کە موسڵمانان بۆ ماوە مانگێك لە (مەككە) و (مەدینە) عیبادەتی خودای گەورە دەکەن، دوای ئەوە (خوێنی گیانداڕێك) دەڕێژن و قوربانی دەکەن، ئەم ڕووداوەش بۆ گەلانی موسوڵمان شادیهێنێکی زۆرە، بۆیە شاعیر ئەو شادییە بە پەیامێکی شادیهێنەرتر ئاوێزان دەکات و بۆ دولبەرەکەی دەینێرێت، وەك دەڵێت:

**جەژنی قوربانە.. بەقوربان**
**وەرە.. با ئاشتەوای کەین**
**عیشق..وڵاتی ئێمەیە**
**چۆن دەبێ.. ماڵئاوایی کەین.** (ڕەئوف، 2009: 62).

لەم دەقەدا شاعیر ئەوە بە گوێی یارەکەیدا دەدات، کە جەژنی قوربانە و تۆش لەمن دڵگرانی، ئیتر بەسە ئەم تۆران و تورەبوونە، با ئاشتبینەوە و خۆشەویستی بەیان بکەینەوە، چونکە ئێمە بەس تەنیا عەشق شك دەبەین کە پەناگەیەکی ئارام بێت، بۆیە ناکرێت ماڵئاوایی لێ بکەین.

**٢,١,٣,٢,٣. بۆنە/ جەژنی نەتەوەیی کورد- نەورۆز:**

ئەم جەژنە، جەژنێکی نەتەوەییە، هەرچەندە مشت و مڕی زۆری لەسەرە لە بابەتی هەبوون و خاوەندارییەتی ئەم جەژنە لە لای نەتەوەکانی دیکە، کوردیش ئەم جەژنە بەهی خۆی دەزانێت، ئەویش دەکەوێتە سەرەتای وەرزی بەهار و دەسپێکردنی ساڵێکی نوێی کوردی، واتە جەژنی سەری ساڵی کوردییە، شاعیرانیش ئەم بۆنە و جەژنەیان فەرامۆش نەکردووە و لە نووسینەکانییان بایەخیا پێداوە. وەکو:

**لەم جەژنی نەورۆزەدا**
**دڵم وەك ئاگر بە جۆشە..**
**بەسە تاکەی چاوەڕوانی**
**سەرێ بدە، دڵ نەخۆشە.** (خۆشناو، 2013: 26).

شاعیر بە وێنەیەکی هونەریی جەژنە پیرۆزە ئاراستەی (بۆنێردراو) دەکات، خۆشەویستی ناخی خۆی پیشانیدەدات، بەم شێوەیە:
دڵی شاعیر: لێچوو
ئاگری نەورۆز: لەوچوو
تین و گەرم و گوری لە پەرۆشیدا بۆ یار/ سووتان بۆ یار: ڕووی لێکچواندن.

دواتر داوای دیداری لێدەکات، چونکە دڵ لەتاو دووری نەخۆشە، هاتنی تۆش تیماری دەردەکە دەکات، یان:
**سەری ساڵی کوردییە و**
**نەورۆزت لێ پیرۆز بێت..**
**ژیانم لەگەڵ تۆ جەژنە**
**تا ئەگەر نەورۆزیش نەبێت!** (مەهدی، 2009: 92).

لێرەشدا بەهەمان شێوە سەرەڕای ناردنی پەیامی جەژنە پیرۆزە، ئەو بۆچوونە بۆ یارەکەی دووپاتدەکاتەوە، کە ژیان و بوون لەگەڵ تۆ ئەوپەڕی خۆشی ژیانە و هەر لە جەژن دەچێت.

**٢,١,٣,٢,٤. جەژنی سەری ساڵی زایینی:**

هەروەکو دەزانین ئەمەش جەژنێکی ئاینییە و تایبەتە بە ئاینی (کاسۆلیکی)، بە سەرەتای ساڵی زاینیی دادەنرێت، بۆیە لە تەواوی جیهاندا و تەنانەت لە لای زۆربەی گەلانی خۆرهەڵاتیش ئەمە وەك بۆنەیەك بەڕێوەدەچێت، وەك:
**نازانم بۆ سەری ساڵ**
**چ دیارییەك بنێرم بۆت..**
**ناچارم دڵم بنێرم**
**تەنیا ئەو جوانە وەکو خۆت..** (ڕێژین، 2010: 58).

شاعیر باس لە هاتنی سەری ساڵ دەکات و هیچ دیارییەك شك نابات کە لە جوانی و سەنگینی و بەهاداری شایستە و شیاوی یارەکەی بێت، بۆیە دڵی بە شایستەی دەزانێت، چونکە دڵ سەرچاوەی بوون و مانە، بوون و مانی شاعیریش پەیوەستە بە هەبوون و مانەوەی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە، یان:
**سەری ساڵی زاینییە**
**ئەی یارە چاو بە خومارەکەم...**
**خۆشمدەوێی،**
**بەو هیوایە لە ژین ماوم..**
**ڕۆژێ لە خۆمت مارەکەم.** (خۆشناو، 2013: 16).

شاعیر سەرەڕای پیرۆزبایی ساڵی نوێ، دەروونی بۆ یارەکەی دەکاتەوە و هیوا و ئاواتی دڵی بۆ دەدرکێنێت.

**٢,١,٣,٢,٥. ڕۆژی ڤالانتایین (ڕۆژی خۆشەویستی):**
ئەم بۆنەیەش بە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و جەژنی دڵداران دادەنرێت، کە گوزارشت لە خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات بۆ یەکتری، واتە لەم ڕۆژەدا دڵداران ژوان سازدەکەن و پەیمان و بەڵێن نوێ دەکەنەوە و (گوڵی سوور) بەیەکتری دەدەن، ئەمەش وەك نەریتێك لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیرەو دەکرێت، وەکو:
**لە ڕۆژی ڤالانتایین بوو**
**سێوم بە مێخەك بۆ چنی...**
**بۆ هەموو گێتی سەلماندم**
**کە تۆ خۆشەویستی منی.** (باشبڵاخی، 2008: 93).

شاعیر دیاری بۆ خۆشەویستەکەی ناردووە و پەیمانی دڵداری بۆ نوێکردۆتەوە.
یان:
**بۆ ڤالانتایین..**
**کام دیارییت بۆ هەڵبژێرم..**
**گوڵێکی سوور..**
**یا دڵمت بە نامەیەك بۆ بنێرم..** (حەسەنی، 2007: 56).

شاعیر دەیەوێت بۆ یارەکەی دیاری بنێرێت، بۆ ئەمەش دوو دڵە، ئایا گوڵی سووری بۆ بنات یان دڵە پڕ سۆز و خۆسەویستییەکەی؟ ئەمەش ئەوپەڕی دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ (بۆنێردراو).

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە هەموو بۆنە شیعرە جەژنییەکان بەدیدەکرێت، دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەیە؛ کە تژیە لە ئەوینێکی بێ سنوور بۆ بەرانبەر (بۆنێردراو)، لە هەمانکاتدا داوای خۆشبەختی و شادبوون و تەمەن درێژی بۆ دەکرێت، یان پەیمانی خۆشەویستی و وەفاداری نوێ دەکرێتەوە.

## ٢. ٢. گاڵتە و گەپ (تەنـــز):

هونەری گاڵتە و گەپ مێژوویەکی دێرینی هەیە و زەمانێکە مرۆڤی کورد بە دوای ئەو بابەتانە گەڕاوە، کە شادی هێنن و دڵ و دەوون خۆش دەکەن و مرۆڤ دەهێننە پێکەنین و وا دەکەن؛ ئەگەر بۆ تەنها ساتێکیش بێ خەم و خەفەتی بیر بەرنەوە، چونکە وەك دەزانرێت ژیان پڕیەتی لە ئازار و دەرد و مەینەتی، جا چ ئازاری خودی بێ، یا خێزانی یا کۆمەڵ و نەتەوەیی، بۆیە هەوڵیداوە ساتێك لە ئەدەب و هونەر نزیکبێتەوە و ئازاری دەروون و دەردی دڵی لە بیر بکا.

ئەم حاڵەتەش بە سوودوەرگرتنە لە ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆژانەی خۆی/ خودی یان کەسانی دیکەیە، کە بە دەربڕینی شیعری بێ یان کاریکاتێر یان نوکتە، هەرچەندە ئەمەش کەسی لێزان و لێهاتووی خۆی دەوێت، تاکو بتوانێت ناوەڕۆکی بابەتەکان نەشێوێنی و بە شێوەیەکی وەها بتوانێ ئەم شێوەیە بەرجەستەبکات کە هەیە، بۆیە هەر لەگەڵ پەیدابوونی مۆبایل و (مۆبایلە شیعر)، ئەم بابەتەش (گاڵتە- تەنز ئامێز)ە توانیوویەتی خۆی بخزێنیتە ناوی، ئەوەی جێگای سەرنجە لە زۆرینەی نامیلکە شیعرییەکاندا بەشێك لە لاپەڕەکان بۆ ئەم جۆرە بابەتە تەرخانکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك نامیلکە تایبەت کراون بەم جۆرە گاڵتە ئامێزییە، تەنانەت هەر لە نووسینی بەرگەکەی و تا دوا پەڕەی ئەمە بەرچاو دەکەوێت، وەکو (فشقیات، بۆ پێکەنین، گاڵتە،....)، نموونەی ئەم شێوەیەش دەخەینە بەرچاو:
**تۆ ڕۆیشتی...**
**ئاوڕێکت نەدایەوە**
**دڵی تۆ خەتی عیبری بوو...**
**هەرگیز بۆم لێك نەدرایەوە.** (ڕەئوف، 2009: 89).

یان:
**خۆزگە مرۆڤ..**
**وەکو مۆبایل بوایە!..**
**ناخی دڵی..**
**لە سەر تەختی نێو چەوانی..**
**بنووسرایە..!** (ڕەئوف، 2009: 96).

ئەمانە هەموویان دەرخەری خۆشەویستییەکی زۆرن بۆ بەرانبەر بە شێوەیەکی تەنزئامێز، لەلایەکی دیکە ئەم دەقانە تا ڕادەیەك ئاستی هونەرییان بەرزترە لە شێوەی ئەو نووسینانەی، کە گاڵتە بە چەمك و بوونی بابەتی مرۆڤایەتی دەکەن و لە گرنگی بابەتەکە دەهێننە خوارەوە و بە چاوێکی کەم دەڕوانن لێی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ئیستاتیکا و جوانی شیعر دەهێننە خوارەوە، ئەویش بە چەند قسەیەکی سادەی سووکی پڕ شەرم.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم جۆرە دەقانەش بە بیری نووسەرەکانیان بۆ ئەو مەبەستە نووسراون، کە ئەگەر تەنیا بۆ ساتێکیش بێ، خەڵك دڵخۆش بکەن و خەندە بخەنەسەر لێوەکانییان، بەڵام ئەمانە نەك هەر دوورن لە دڵنەوایی و هەستی شادی، بەڵکو بە بینینیان یان بە بیستنیان مرۆڤ تووشی خەمناکی و بێزاری و پەستی دەبێت، ئاخۆ ئەوەیە بەهای بابەتی مرۆیی و جوانی شیعر!! وەك ئەم نموونانە:

**یاڵا بە پیکابی تەیحان**
**دەفرۆشم خۆشەویستی بەتەن**
**جا کێ کڕیارە بێتە مەیدان**
**پێی دەفرۆشم بە نرخێکی هەرزان..** (عەبدوڵلا، 2009: 106).

لێرە گاڵتە بە چەمکی (خۆشەویستی)ی کراوە، کە بابەتێکی مرۆییە و هەرگیز دانەپراوە و داناپڕێت لە مرۆڤ، هەرگیزیش نایەتە (کڕین و فرۆشتن)، وەکو ئەوەی نووسەر ئاماژەی پێداوە، کە بەناوی گاڵتەوە هاتووە ئەم کارەی بە هەردوو چەکی (خۆشەویستی، شیعر) کردووە..

**عیشقی من و تۆ ئیکسپایەر بوو..**
**وەکو چامرغی سەیارەی خایس بوو.** (عەبدوڵلا، 2009: 126).

یان :

**مۆبایلەکەم بە کارەبا و**
**دڵم شەحنی بەتۆ دەبێ..**
**دڵ بە دوای تۆ وەك سەیارەی**
**پۆلیسی هاتووچۆ دەبێ.** (کاوانی، 2007: 22).

ئەمانە و چەندان نموونەی دیکە، کە نووسەر بە سوودوەرگرتن لە چەمك و بەها مرۆییەکان هەستاوە و کارێکی وای ئەنجامداوە، کە لە ئاستی ئەم چەمك و بابەتانەدا نییە، واتە نووسەر لە بری ئەوەی گرنگی بە بابەتە مرۆییەکان بدات، ئەوە لە ئاست و بەهای کەم کردوونەتەوە! دیارە نووسەر بیری چووە، کە نووسین و ئەدەب و شیعر بۆ خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیی هاتۆتە ئاراوە، ئاخر خۆ شیعریش بە گاڵتە کردن بەم چەمکانە نەك هەر جوان نابێت، بەڵکو لە ئاستی هونەری خۆی کەم دەکاتەوە، بۆیە واچاکە دوور و نزیك نووسەری (مۆبایلە شیعر) خۆی بە دوور بگرێت لەم جۆر و شێوە نووسینانەی، کە هەستدەرپڕینن بۆ بە گاڵتەکردن بە چەمکە مرۆڤایەتییەکان، گەرنا خۆ هەبوونی گاڵتە و گەپ لە ناوەڕۆکی شیعردا بەگشتی و (مۆبایلە شیعر) بە تایبەتی کارێکی خراپ نییە، چونکە ئەرکی ئەم جۆرە نووسینانە دڵخۆشکردنی بەرانبەر و زەردەخەنە هێنانە سەر لێوی وەرگر/ خوێنەر/ بۆنێردراوە، نەوەکو دڵتەنگکردن و خەمبار کردنی بێت.

### ٢. ٣. گفتوگۆ (پریڤات):

وەك دەزانرێت بنەغەی گفتوگۆ لەسەر بنەمای دوو کەس/ دوو خود دادەمەزرێت، بۆیە بەشێك لە نووسەرانی (مۆبایلە شیعر)، بەشێکی شیعرەکانیان بۆ ئەم شێوە (شیعرییە گفتوگۆیە) تەرخانکردووە، بە شێوەیەکی گشتی بناغەی ئەمەش لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا (نێر – مێ / کچ - کور) دامەزراوە، کە زیاتر گفتوگۆیەکی دڵداری و خۆشەویستییە، کە تیاییدا دڵداران باس لە هەست و سۆز و ناخی خۆیان و خەم و ئازاری دووری و گلەیی و گازاندە و داوا و ڕێنمایی کردن لە یەکتر دەکەن، نووسەریش بە سوود وەرگرتن لەم بابەت و چەمکانە دەقێکی شیعری گفتوگۆی خوڵقاندووە، زۆرجاریش ئەم گفتوگۆیە لە سەر پرسیارکردن و وەڵامدانەوە بنیاتەکەی دامەزراوە، وەك:

**+ کور:**
**هەرگیز بڕوا ناکەم گوڵم**
**تۆ بەم جۆرە بێ وەفا بی**
**هیچ هەواڵێکم نەپرسی و**
**جێم بهێڵی بە تەنیایی**

**- کچ:**
**هەناسەکەم، بێ وەفانیم**
**من چۆن زوپر ئەبم لە تۆ**
**هەر تەنیا دڵم شك دەبرد**
**ئەویشم پێشکەشکرد بەتۆ.** (جەزا، 2008: 16).

یان:
**+ کور:**
**بۆ سەفەری ئەمجارەی ڕێم**
**وێنەیەکی خۆتم بەرێ**
**زۆر ئەترسم چاوم لە ڕێ**
**بیرت بکا و (بۆت بگریێ)**
**- کچ:**
**ئەو ئێوارەی سەفەر ئەکەی**
**وەرە دڵت جێبهێڵە لام ..**
**بۆ سەبوری و تەنیایی و خەم**
**ڕۆحت بکە چەتری باڵام.** (زەنگەنە، 2007: 97).

هەرچەندە ئەمە لە شێوەی گفتوگۆدایە، بەڵام گفتوگۆیەك ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ئەو ئامێرە تەکنەلۆژییەی سەردەمە، کە (مۆبایل)ە، بۆیە (مۆبایل) توانیوویەتی ئەم گفتوگۆیانە ڕێکبخات، بێ ئەوەی ئەم دوو دڵدارە دڵ پڕ ئەوین و بریندارە تووشی ترس و لەرزی ژوان و چاوی خەڵك ببن، واتە ئەم شێوە گفتوگۆیە شوێن و کات و ساتی نییە، دوو دڵدارەکەش لە کاتی ناردنی پەیامەکانیان ڕوخساری یەکتر نابینن.

بەشێوەیەکی گشتی بنیاتی بابەتی (مۆبایلە شیعر)ی دەربڕی بابەتی (خۆشەویستیی)یە، کە زۆر زەق و بەرچاو لە زۆرینەی نامیلکەکاندا بەرچاودەکەوێت و پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، تەنانەت نامیلکە هەیە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە (خۆشەویستی ـ ڕەگەزی بەرانبەر) نووسراوە و خاڵییە لە هەموو مەبەستێکی تر؛ کەچی هەندێجار لێرە و لەوێ لە هەندێك نامیلکە دەق لایەنی تریشی تێدەکەوێت، وەکو (نیشتیمانی، نەتەوەیی)، بەڵام بەدەگمەن و بە تاك و تەرا، تەنانەت نامیلکە هەیە هەر تێیدانییە و خاڵییە لەو مەبەستە، بۆیە ئەوەی بەر چاوی ئێمە کەوتووە و دەستی بەسەر ناوەڕۆکی (مۆبایلە شیعر)دا گرتووە، ئەو مەبەستانەی سەرەوە بوون.

## ٣. ئـەنجـــام:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1. لەم دەقانەدا کورتی و سادەیی زمانی شیعری مۆبایلە شیعرمان بۆ دەردەکەوێت، کە واتایەکی ڕوون و بێ گرێ و گۆڵی هەیە، ئەمەش بۆ خودی تایبەتمەندییەکانی (ئامێر)ەکە دەگەڕێتەوە.
2. ناوەڕۆکی مۆبایلە شیعر ناوەڕۆکێکی ئەویندارانەیە و دەربڕی پەیام و سۆزێکی خودییە، بۆ کەسی بەرانبەر.
3. گوزارشتە ئەوینداریەکانی مۆبایلە شیعر دەربڕی هەستی پڕ سۆز و دەروونێکی بەجۆش و خرۆشی (نێرەر) پیشاندەدەن بەرانبەر کەسی (بۆنێردراو).
4. وەک دەزانرێت؛ بۆنە (ئایینی و نەتەوەیی و بابەتەکۆمەڵایەتی....)یەکان هۆکارێکی بەهێزن بۆ گەشەپێدان بە خۆشەویستی و نوێکردنەوە و پەیمان و ئاشتکردنەوەی دڵی ڕەنجاوان، بۆیە شاعیری مۆبایلە شیعریش ئەم بۆنانەی کردۆتە پێناو و هەوێنی زۆرێك لە دەقەکانی.
5. سەرەڕای ئەو لایەنە سۆزدارییەی لەخۆی گرتووە، هەر بەم ڕێگەیەشەوە هێنانە پێکەنینی بەرانبەریشی بەهۆی جۆرێك لە تەنزی کۆمێدی تێدایە، بۆ ئەمەش زۆرجار سوود لە چەمکە مرۆییەکان وەردەگرێت.

6. زۆرجار شاعیری (مۆبایله شیعر) بۆ هێنانه پێکەنیین و دڵخۆشکردنی بەرانبەر دەکەوێته هەڵە و گاڵته بە (بەهامرۆییەکان) دەکات، ئەمەش کارێکی کرێتە، بۆیە دەبێت وریا بێ لەم لایەنە.
7. فەرامۆشکردنی ناوەڕۆکی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی، نیشتیمانی، ئایینی،..) له (مۆبایله شیعر)دا ڕەنگیداوەتەوە، مەگەر بەدەگمەن نەبێت بەرچاو ناکەوێت، گەر هەشبێت ئەوە بە (خۆشەویستی خودی)ی گرێیدەداتەوە.
8. له تەواوی ئەو دیوان و دەقانەی بەرچاومان کەوتن و سوودمان لێوەرگرتوون، له لایەن (ڕەگەزی نێر) نووسراون، ئەمەش دەشێت دەسەڵاتی پیاوسالاری و زاڵبوونی نێرینه یان ترس و شەرمی (ڕەگەزی مێینه) پیشانبدات.

## ٤. سەرچاوەکان:

### ٤. ١. کتێبەکان:

#### ٤. ١. ١. کتێب بە زمانی کوردی:


- ئیسماعیل، نەسرین رەئوف (2009)، ئەرکی شیعر له ئەدەبی کوردیدا ساڵانی (1920-1958)، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ئیگڵتن، تێری (2016)، تیۆریی ئەدەبی، و. عەتا قەرەداغی، چ. 1، له بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، تاران .
- بەرزنجی، یاسین قادر (2009)، هونەری دراما، چ. 1، چاپخانەی کەما، سلێمانی.
- بصیر، کامل حسن عزیز (1983)، ڕەخنەسازی: مێژوو، پەیڕەوکردن، چ. 1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد.
- ڕەشید، فوئاد (2011)، ڕووبەرێکی ڕەخنەیی، چ. 1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- سابیر، پەرێز (2006)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چ. 1، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- سارتەر، ژان پۆل (2020)، ئەدەب چییە؟، و. مستەفا غەفوور، چ. 2، چاپخانەی تاران. تاران.
- عەلی، دڵشاد (1998)، بنیاتی هەڵبەست له هۆنراوەی کوردیدا، چ. 1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- عومەر، وەلید (2021)، کێشەی فۆرم و ناوەڕۆك، چ. 1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- الماضی، شکری عزیز (2010)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چ. 1، هەولێر.
- محەمەد، عەبدولقادر حەمەئەمین (2008)، بنیاتی کارنامەیی له دەقی نوێی کوردیدا، چ. 1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
- محەمەد، فوئاد ڕەشید (2007)، دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ، بەها)، چ. 1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.


**دیوانەکان:**


- باشبڵاخی، خالید (2006)، مۆبایله شیعر، ب. 1، چ. 1، چاپخانەی ئەرابخا، کەرکوك.
- باشبڵاخی، خالید (2006)، مۆبایله شیعر، ب. 2، چ. 2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- باشبڵاخی، خالید (2007)، مۆبایله شیعر، ب. 3، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- باشبڵاخی، خالید (2007)، مۆبایله شیعر، ب. 5، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- جەزا، وەرزێر (2008)، دڵی تۆ له گوڵ ناسکترە، ب. 2، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- حەسەنی، ڕێبوار قەرە (2007)، شنەی دڵ، چ. 2، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- خۆشناو، تەمەن (2013)، تابلۆی ئەوین، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕێژین، (2010)، ڕازەکانی عەشق، چ. 1، چاپخانەی چوارچرا۔ سلێمانی.
- زەنگەنە، شەهاب (2007)، چەپکە گوڵ، چ. 6، چاپخانەی هێمن، سلێمانی.
- عەبدوڵلا، هونەر صباح (2009)، وڵاتی بەفرین، چ. 1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- کاوانی، کاوه خەسرەو (2007)، مۆبایله شیعری عاشقانه، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- مەهدی، هێشوو (2009)، هەناسەکانی عەشق، چ. 2، چاپخانەی سایه، سلێمانی.

**٤. ١. ٢. کتێب به زمانی عەرەبی:**

- اطميش، محسن (1983)، دير الملاك (دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر)، ط. 1، دار الرشيد للنشر، بغداد.
- بتريوس، انتونيو (2005)، الادب تعريفة– انواعة، مذاهبة، ط. 1، الموسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان.
- توفيق، عباس (1988)، نقد الشعر العربي الحديث في العراق من1920-1958، دار الرسالة للطباعة، بغداد.
- الحديثى، بهجت عبدالغفور (1992)، دراسة النقدية في الشعر العربس، ط. 1، طباعة و نشر دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.
- خلوصى، ناطق (1991)، مقالات في التلفزيون- الموصوعة الصغيرة، ط. 1، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد.
- العلاق، على جعفر (1997)، الشعر و المتلقي، دراسات نقدية، ط. 1، دار الشروق للنشر و التوزيع، الاردن.
- مرزوقى، شاكر؛ سمير، جميل (1986)، مدخل الي نظرية القصة- تحليلا و تطبيقا، ط. 1، دار الشؤون الثقافية العامة، (افاق عربيه)، بغداد.
- ناصف، مصطفى عبده (1983)، دراسة الادب العربي، ط. 1، دار الاندلس، بيروت.
- مصطفى، فائق (2000)، في النقد الادبي الحديث، منطلقات و تطبيقات، ط. 2، مطبعة وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة الموصل، موصل.
- الورقى، لسعيد (1984)، لغة الشعر العربي الحديث، ط. 1، دار النهضة العربية، بيروت.

**٤. ١. ٣. کتێب به زمانی فارسی:**

- کدکنی، محمد رضا شفیعی (1368)، صورخیال درشعر فارسی، چ. 2، چاپخانه اگاه، تهران.
- یوسا، ماریوو ارطاس (1385)، چرا ادبیات، ت: عبدالله کوپری، چ. 1، چاپخانه لوح فکر، تهران.

**٤. ٢. گۆڤار و ڕۆژنامەکان**:

- پامۆك، ئۆرهان (2008)، ڕۆمان سنوورەکانی ئەوروپا درێژ دەکاتەوە، و. هیوا قادر، گ. سەردەم، ژ. 46، دەزگا و چاپی سەردەم، سلێمانی .
- حەسەن حەمه سەعید (2006)، گەڕانەوه له لچ و قەور، ڕ. هەولێر، ژ. 267، هەولێر.
- ڕەفیق، فاروق (2009)، یەك کاتژمێری ماوه بۆ نیوەشەو، چ. 1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- محەمەد، فوئاد ڕەشید (2001)، بەزانستی کردنی ئەدەب، گ. ڕامان، ژ. 62، هەولێر.

# Thematic structure in Kurdish Mobile poetry

**Dr. Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw**
Kurdish Department -College of Education/ Shaqlawa-
Salahuddin University-Erbil
kamaran.khudhur@su.edu.krd

Literature is a mirror. It shows the beautiful and acceptable aspects of society, and sometimes it displays the bad aspects and criticizes them harshly, in order to correct them and abandon them. If (mobile poetry) is the result of technological progress, then what is it and what does it contain?! For this purpose, we must examine the text message written in simple language and directed from the sender to the recipient. This research is an attempt to analyze and reveal the structure of the topic of Kurdish poetry, mobile phones, and to show the aspects and themes that have become the basis of this form of poetry and directly express the psychological state of individuals in society.

**Keywords**: Technology and literature: the value of poetry, mobile poetry, love, satire.